# شیکردنەوەی ڕاستییەکانی جوگرافیای مێژوویی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەنێوان ساڵانی ١٩١٤- ١٩٢٥ دا

**پ.د. جەزا تۆفیق تالیب**
**زانکۆی سلێمانی**
**سکوڵی زانستەمرۆڤایەتیەکان**
**بەشی جوگرافیا**

**م.ی. ئەحمەد ڕەفیق کەریم**
**زانکۆی ڕاپەڕین**
**فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتیەکان**
**بەشی جوگرافیا**

**پێشەکی**

ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە بەشێکی دانەبڕاون لە خاکی پیرۆزی کوردستان و تا ئێستا بە فەرمی لە ڕووی یاسایی و دەستورییەوە نەخراوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، و ئەگەر چی بە پێی دەستور و میکانیزمەکانی دەبوو پێش کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم کێشەیە چارەسەربکرابایە. بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەم کێشەیەی بە هەڵپەسێردراوی ماتەوە لە نێوان هەردوو حکومەتی (فیدراڵ و هەرێم).

ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم باکگراوندێکی مێژووی هەیە، ئەویش بۆ گرنگیە جۆربەجۆرەکانی جوگرافی و ئابوری و ڕامیاری... ئەم ناوچانە دەگرێتەوە ، بۆیە بەریتانیەکان هەڵپەی داگیرکردنی ئەم ناوچەیە دەکەن و جەنگ لە عێرق و پاشتر ویلایەتی موسڵ هەڵدەگیرسێنن و دواتر ئەم ناوچەیە دەخەنە سەر دەوڵەتی عێراق ، ئیدی لێرە بەدواوە خەباتی چەکداری گەلی کورد بۆ بە دەستهێنانی خاك و مافەنەتەوەیی و کلتورییەکان لەجەنگێکی نەبڕاوەندا دەبێت تا ئێستاشی لەگەڵ بێت.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

ئایا ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ڕۆژێك لە ڕۆژان بەشێك بووە لە دەوڵەتی عێراق ؟
ئەگەر بەشێك نەبوە لە عێراقی عەرەبی، سەر بە کوێ بوە؟چۆن؟ بۆ؟ کەی؟ لکێنرا بە دەوڵەتی عێراقی عەرەبییەوە؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕۆژێك لە ڕۆژان بەشێك نەبوە لە دەوڵەتی عێراقی عەرەبی.
ئەم ناوچانە بەشێکی دانەبڕاون لە کوردستانی دایك، کێشەو گیروگرفتە ناوخۆیی و دەوڵەمەندی و بەپیتی خاکەکەی و بەرژەوەندی و ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی، هۆکاری لکاندنی ئەم ناوچەیە بوون بە عێراقی عەرەبیەوە.

**چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە:**

له ساڵی ١٩١٤دا وهاتنی بەریتانیەکان بۆ عێراق دەبێت به دەستپێك بۆ توێژینەوەکە تا لکاندنی ویلاّتی موسڵ بەو عێراقە عەرەبیەی کە بۆ عەرەبەکانی عێراق لە هەردوو ویلایەتی موسڵ و بەغا دروست کرا.

**چواچێوەی شوێنی توێژینەوەکە:**

چواچێوەی شوێنی توێژینەوەکەمان بریتیە لە عێراقی عەرەبی و کورستان بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیشەوە.

**هۆکاری پاڵنەر بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەکە:**

نەبوونی توێژینەوەی ئەکادیمی تایبەت بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە ماوەی دیاریکراو بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەکە.

زانینی باگگراوندی مێژووی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

زانینی سنوری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەری هەرێم لەو ماوەیەی کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت.

زانینی سەرەتای دروست بوونی کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەم کێشەیە.

هەوڵەکانی گەلی کورد و شۆڕشەکانی بۆ گەڕاندنەوەی ئەم ناوچانە بۆ ژێر دەسەلاّتی کوردی.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

سەلماندنی کوردستانیەتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

ئاماژەکردن بە ڕۆڵی نێگەتیفی هاوپەیمانان بەگشتی و بەریتانیەکان و پاشتریش دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بە خاك و گەلی کورد لەم ناوچانەدا.

ڕەوتی گفتوگۆکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

ڕەنگدانەوەی جەنگەکان لە فراوان بوون و قەڵەمڕەوی دەسەلاّتی کوردی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

بەگەڕانەوە بۆ زانینی دروست بونی کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پشت بە میتۆدی مێژووی بەستراوە لە توێژینەوەکەدا.

**گرفتی توێژینەوەکە:**

گرفتی سەرەکی توێژینەوەکە کەمی یان نەبوونی سەرچاوە و نەخشەی و داتای پێویستە و باوەڕپێکراوە بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەکە .

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

**توێژینەوەکە دابەشی پێنج باس کراوە: لە باسی یەکەم دا ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمان ناساندوە، لە باسی دووەم دا لەوهۆکارانە دەدوێن کە بوونە هۆی داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە، لە باسی سێیەم دا باس لە داگیرکردنی عێراقی عەرەبی و ویلایەتی موسڵ دەکەین لە لایەن بەریتانیەکانەوە.**

**لە باسی چوارەمیشدا لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەدوێن لە دەسەڵاتداریێتییەکانی شێخ مەحموود دا، لە باسی پێنجەمیشدا باس لە چارەنوسی ئەم ناوچانە دەکەین پاش ڕووخاندنی دەسەڵاتداریێتییەکانی شێخ مەحمود.**

**باسی یەکەم: ناساندنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم[١]:**

**ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم:- بریتییە لە و ڕووبەرە جوگرافییانە یان یەکە کارگێڕییانە(شار، شارۆچکە، ناحیە، گوند)لەخاکی کوردستان، کە بە شێوەیەکی یاسایی و دەستووری نە کەوتۆتە ناو سنووری دەسەڵاتی دان پێدانراوی کوردی، بەڵکو کەوتوونەتە ژێر دەسەڵات داریێتی(فەرمان ڕەوایی) داگیرکەرە جیا جیاکانی[*] کوردستان.**

**ڕووبەری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە کاتە جیاوازەکاندا فراوان بوون و چوونەوەیەکی بەردەوامی بە خۆیەوە بینیوە[**]، داگیرکەرانی کوردستان زۆر بە توندی پرۆسەکانی جینۆسایدی دانیشتوان و بە تاڵان بردنی سەروەت و سامان و ماڵ وێران کردن و سوتانی خاك و بەبەعسی کردن... تیا ئەنجام داوە، هەروەها پرۆسەکانی ڕاگواستن و دەرکردن و دوورخستنەوەو بارپێکردن و بەعەرەب کردن و هێنانی عەرەبی هاوردە و گۆڕینی دیمۆگرافی و جەنگی[***] ئامار و گۆڕینی سنووری کارگێری وتەنانەت گۆڕینی ناوی جێگا وشوێن و شوێنە گشتی یەکانیشی تێدا ئەنجام داوە. بەمەبەستی سڕینەوەی مۆرکی کوردستانی بوونیان.**

**سنووری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەدرێژایی سەدەی ڕابووردوو لە هەڵکشان و داکشانی بەردەوام دا بووە، دەتوانین لە چەند کاتێکی جیاواز دا دەست نیشانی بکەین.**

**١- پێش ساڵی٢٠٠٣. و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس.**

**٢- پاش پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق و دروست بوونی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، بە دەستوورکردن و پشت بەستن پێی وەك کارنامەی حکومەت بۆچارە سەری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم:**

---

**[١] - ئەحمەد ڕەفیق کەریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاریدا، چاپی یەکەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ٢٠١٤،ل٥٤-٦٠.**

**[*] - مەبەست لەداگیرکەرە جیاجیاکانی وەك(بەریتانیا و حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق...)ە، کە بەشێك لە کوردستانیان لە ژێر دەسەڵاتدا بووە هەر لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم تا نیسانی٢٠٠٣، گەلی کوردو هێزە چەکدارەکانی لە خەباتی بەردەوامدا بوون بۆ گەڕانەوەیان بۆ ژێردەسەڵاتی کوردی. هێزوو توانا سەربازیەکانی شۆڕشگێڕانی کورد و بارودۆخی ڕامیاری ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتی سنوورو ڕووبەری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی دیاری کردووە...**

**[**] - بەر فراوان بوون و چوونەوەیەکی ڕووبەری یەك لەدوای یەکی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پەیوەست بووە بە توانای(سەربازی، دیبلۆماسی، ڕامیاری...)لایەنی کوردی لە سەر ئەو ناوچانە.**

**[***] - جەنگی ئاماری بەشێکە لە جەنگێکی فراوان کە بریتین لە جەنگەکانی(سەربازی و ڕامیاری و ئابوری وکلتوری و مێژویی و کۆمەڵایەتی و بیر(فکر)ی...)کە بەرمبەر بە خاك و گەلی کورد ئەنجام دراوە .**

**ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم****بریتین لەم یەکە کارگێریانەی خوارەوە: -**

**(سەرجەمی قەزاکانی کەرکوك، حەویجە، دوز(دبس)، داقوق(پارێزگای کەرکوك)، سەرجەمی قەزاکانی ئێستای چەمچەماڵ و کەلار(پارێزگای سلێمانی)قەزای دوزخورماتوو، ناحیەی زاب(پارێزگای سەلاحەدین)، قەزاکانی کفری و خانەقین ، بەلەد ڕوز( پارێزگای دیالە)، سەرجەمی قەزای بەدرە(پارێزگای واست)، سەرجەمی قەزای مەخمور(پارێزگای هەولێر)، سەرجەمی قەزاکانی حەمدانیە، شەنگار، تەلەعفەر، تەلکێف، شێخان، ئاکرێ ، ناحیەی قەحتانیە لە قەزای بەعاج ،ناحیەی باشیکێ لە ناوەندی قەزای موسڵ( پارێزگای نەینەوا). پاش ئاسایی کردنەوە کە قۆناغی یەکەمی جێ بەجێ کردنی ماددەی١٤٠-ە، بریتیین لە:**

**لیوای*کەرکوك قەزاکانی(کەرکوك، کفری، حەویجە، چەمچەماڵ، دوز).**

**لیوای هەولێر(قەزای مەخمور).**

**لیوای دیالە( قەزاکانی خانەقین، مەندەلی).**

**لیوای کوت( قەزای بەدرە).**

**پارێزگای دهۆك**(قەزای ئاکرێ).**

---

**** - لە خاڵی دووەمی مادەی(١٤٠) داهاتوە کە دەسەلاتی جێ بەجێ کردن هەڵدەستێت بە جێ بە جێ کردنی مادەی(٥٨)ی دەستووری کاتی کە یەکێك لە کارەکانی حکومەت ئاسایی کردنەوەیە... ئەوەی کە ئێمە لێرە مەبەستمانە ئاسایی کردنەوەی سنوورە کارگێرییەکانە کە دەبێت سنووری یەکە کارگێرییەکان ئاسایی بکرێنەوە بۆ پێش گۆڕانکاری ساڵی ١٩٦٨، تەنها لیوای موسڵ نەبێت کە دەبێت بە پێی کۆمەڵەی ئاماری ساڵنەی١٩٦٩ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. بۆیە ئاماژەمان کردووە بە لیوا مەبەستمان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە پاش پرۆسەی ئاسایی کردنەوە، چوونکە وەك دەزانین دوای ئەوەی کە ڕژێمی بەعس دەسەلاتی گرتە دەست بە تایبەت تر لەدوای ساڵی١٩٦٩وە بە بەرنامەیەکی داڕێژراو هەستا بە گۆڕینی سنوورە کارگێرییەکان.

* - پاش داگیرکردنی هەرسێ ولایەتی بەسرەو بەغداد و موسڵ لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە و دروست کردنی عێراقی ئێستا لەو سێ ویلایەتە ، عێراقی دابەش کرد بۆ(١٤)لیوا بە پێی سستمێکی هەرەمی بەڕێوەدەبرا لە ناوەندی لیوا پاشان قەزا پاشان ناحیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد ازهر سماك و أخرون، العراق دراسة أقليمية، الجزء الأول، دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، سنة ١٩٨٥.ص٩٦. بە پێی بڕیاری(م. ج. لە ١٧ی ئەیلولی١٩٦٩) لیوای دهۆك دروست کرا کە پێك هاتبوو لە قەزای دهۆك و قەزای زاخۆ و قەزای ئامێدی و قەزای ئاکرێ. بڕوانە. رئاسة مجلس الوزراء، لجنة تنفيذ المادة(١٤٠)من دستورجمهورية العراق. توصيات بالتغيرات في الحدود الأيدارية للمناطق المتنازع عليها و من ضمنها كركوك(المنطقة الشمالية)، بدون معلومات اخرى، غير منشور، ص١. پاشان بە پێی مادەی(٢)ی یاسای ژمارە(١٥٩ی لە بەرواری ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩) عێراق دابەشکرا بۆ پارێزگا و پارێزگاکان بۆ قەزاو قەزاکان بۆ ناحیە کە هەریەکەیان کەسایەتیەکی مەعنەوی یان هەیە لە چوارچێوەی ئەو ئەرکەیان دا کە کارگێڕیە ناوخۆیەکان لە سەری دەڕۆن، بۆ زانیاری زیاتربڕوانە: العراق - اتحادی، ژمارە ١٥٩ قانون المحافظات لە١٠ی کانوونی دووەمی١٩٦٩، وەرگیراوە لە(الوقائع العراقية- رقم العدد ١٧٨٩/تاريخ ١٩٦٩/١٠/١٣/عدد الصفحات: ٥٦/ رقم الجزء : ٢ مجموعة القوانين والأنظمة-/تاريخ ١٩٦٩/رقم الصفحة ١٠٦٣. بڕوانە ویب سایتی

http://www.iraq-ild.org/LoadLawBook.aspx?SC=١٢٠١٢٠٠١٦٧١٧٠٧٥

هەروەها بە یاسای ژمارە(٤٢) لە بەرواری(٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٧٦)پارێزگای نەجەف دروست کرا وەك لە وەقائعی عێراقی ژمارە(٢٥١٣)لە(٩ی شوباتی١٩٧٦)دا هاتوە لە ل٢٦. لەسەر ڕۆشنایی مادەی چواری یاسای پارێزگاکان بە ژمارە (١٥٩)ی ساڵی(١٩٦٩)، پارێزگای سەلاحەدین بە بڕیاری ژمارە (٤١)لە(٢٩ی کانونی دووەمی١٩٧٦)دا دروست کرا کە پێکهاتبوو لە قەزای تکریت(سەنتەر)و قەزای سامەرا و قەزای بەلەد و قەزای طوز)... بڕوانە: رئاسة مجلس الوزراء، لجنة تنفيذ المادة(١٤٠)من دستورجمهورية العراق، بالتغيرات في الحدود الأيدارية للمناطق المتنازع عليها و من ضمنها كركوك(المنطقة الشمالية)، مصدر سابق، ص١٢٧.

** - ڕووبەری قەزای ئاکرێ لە پارێزگای دهۆك وەرگیراوە لە: الجمهورية العراقية،وزارة التخطيط، الجهازالمركزي للاحصاء، المجموعة الأحصائية السنوية(١٩٦٩)، مطبعة الزهراء- بغداد، بدون سنة طبع، ص٢٦.

پارێزگای موسڵ(سەرجەمی قەزاکانی" شەنگار، شێخان، تەلەعفەر، "و ناحیەی زاب( قەزای شەرقات) و ناحیەی حەمدانیە، تەلکیف، بەعشیقە( قەزای موسڵ)". بڕوانە نەخشەی ژمارە(١).

ڕووبەری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم(٥٢٧٩٤[١])*کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، سەرجەمی (٦٢,٩٨٪)ی ڕووبەری هەرێمی کوردستان و(١٢,٤٩٪)ی ڕووبەری خاکی عێراق پێکدەهێنێت، دەکەوێتە نێوان هێڵەکانی درێژی("١٨ '٢٣ °٤١ – "٣٠ '١٨ °٤٦)خۆرهەڵات و بازنەکانی پانی("٣٦ '٣٩ °٣٢- "٠٢ '٠١ °٣٧)باکوور.

**باسی دووەم: هۆکاری داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە**

پاش ئەوەی خۆرئاواییەکان بە گشتی و بەریتانیەکان بە تایبەتی لەژێر ناوی بازرگانی و مژدەدەری و شوێنەوارناسی و گەشتوگوزار و پاشتریش توێژەروان ڕوویان لە ناوچەکە کرد هەڵسەنگاندێکی هەمە لایەنەیان بۆ باردۆخی سروشتی و مرۆیی و ئابوری و کۆمەڵایەتییان بۆ عێراق کرد بۆیان دەرکەوت کە عێراق گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە بۆیە ململانێیەکی توندی نێودەوڵەتی دروست بوو بۆ داگیرکردنی عێراق چونکە عێراق پردێکی کلاسیکی بەستنەوەی هندستان بوو بە وڵاتانی ئەوروپاوە[٢]، پاش داگیرگردنی میسر لە لایەن ناپلیۆنەوە لە ساڵی(١٧٩٨)، سێ ڕێگای هەڵبژراد بۆگەیشتن بەهندستان بەمەبەستی لێدان لە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا یەکێك لەوڕێگایانە، ڕێگای میسر بەرەو سوریا پاشان بەرەو ویلایەتی بەغدادو لەوێوە بەرەو کەنداوی عەرەبی وپاشان بەرەو هندستان... بوو[٣]، سەرەڕای ئەوەی کەبەریتانییەکان ترسیان هەبوو لە روسیا و پێیان وابو کەپیلانێکی داڕێژراوهەیە هەر لەسەردەمی پەترۆسی گەورە(١٦٧٢-١٧٢٥)بۆ دەست بە سەراگرتنی هندو بازرگانییەکەی لەلایەك و بەرەوپێش چوون بەرەو کەنداوی عەرەبی و وڵاتی فارس لە لایەکی ترەوە ئەم بیروبۆچوونەی بەریتانییەکان لە جەنگەکانی نێوان روس و وڵاتی فارس ی ساڵانی(١٨٠٤ -١٨١٣)و(١٨٢٦-١٨٢٨)وجەنگەکانی روسیا - عوسمانی(١٨٢٧- ١٨٢٩)سەری گرتبوو.[٤].

نەخشەی ژمارە( ١ )

---

[١] - ڕووبەری سەرجەم عێراق و هەرێم و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە کۆمەڵەی ئاماری ساڵنەی(١٩٦٨)وەرگیراوە جگە لە پارێزگای دهۆك و موسڵ نەبێت کە بە پێی کۆمەڵەی ئاماری ساڵنەی(١٩٦٩)وەرگیراوە بڕوانە: أ- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الأحصائية السنوية١٩٦٨، مطبعة الزهراء- بغداد، ص٢٥-٤١. ب- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الأحصائية السنوية١٩٦٩، مصدر سابق، ص٢٦-٤٢. چوونکە لەم کاتە(١٩٦٨)دا گۆڕانکاری لە سنووری کارگێری لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی ئێستادا نەکراوە، بۆیە کۆمەڵەی ئاماری ساڵنی١٩٦٩ مان وەرگرت چوونکە لەم ساڵە دا بو کە لیوای دهۆك لە لیوای موسڵ دروست کرا.


* - لە ڕاستیدا ئەم داتایە نزیکەی (١٠٩٧٤)کیلۆمەتر دووجای زیاترە لە ڕووبەری ڕاستەقینەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، چونکە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕووبەرەکەی نزیکەی(٤١٨٢٧)کیلۆ مەتر دووجایە، بەڵام بە پێی مادەی(٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە و پاشتر کە لە مادەی(١٤٠)جێی کرایەوە، هەموو ئەو ناوچانەی کە توشی گۆڕانی سنوری ئیداری بوون لە پاش گرتنە دەستی دەسەلآت لەلایەن ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨دا مافی دیاری کردن و بڕیاردانیان لەسەر یەکلاکردنەوەی سنوری یەکە کارگێڕیەکانی خۆیان هەیە. کەواتە هەموو ئەو یەکە ئیدارییانەی کە وەك بەشێك لە حکومەتی هەرێمی پێش ساڵی٢٠٠٣ دانی پێدا نراوە، توشی گۆڕینی سنوری کارگێڕی بوون بەشدار دەبن لە ئاسایی کردنەوە سنوری کارگێڕی و پاشان دەنگدان لە یەکلاکردنەوەی سنوری کارگێڕی یەکە کارگێڕییەکەیان.

[٢] - ستيفن همسلي لونكريك، العراق الحديث من سنة(١٩٠٠-١٩٥٠)تأريخ سياسي اجتماعي واقتصادي، ت. سليم طه التكريتي، الجزءالأول، الطبعةالأولى، مطبعةحسام- بغداد، سنة١٩٨٨، ص٢١.

[٣] - صالح خضرمحمد الدليمي، المصالح الأستراتجية البريطانية في العراق(١٨٠٠-١٩١٤)، المفصل في تاريخ العراق المعاصر، الطبعة الأولى،بيت الحكمة- بغداد، سنة٢٠٠٢، ص٨.

[٤] - المصدر نفسه، ص٢٥.

**نەخشەی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان بە پێی سنوری کارگێڕی کۆماری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٤ دا.**




سەرچاوە: ئەحمەد ڕەفیـق کـەریم، ناوچـە دابڕاوەکـانی هـەرێمی کوردسـتان لێکۆڵینەوەیـەك لـە جوگرافیـای ڕامیاریـدا، سەرچاوەی پێشـوو، ل ٦٥.بـە سـوود وەرگـرتن لـە: أ- خلیـل اسماعیـل محمـد و ئـەوانی تـر،(بـە بـێ ناونیشـان)، هـەرێمی کوردسـتان عێـراق ، بەرێوەبەرێتی گشتی پرۆگـرام و نەخشـە پەروەردەییـەکان، هـەولێر، ٢٠٠٦، بـە بـێ ژمـارەی ل. ب- جمهوریـة العـراق، وزارة التخطـیط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجیا المعلومـات، المجموعـة الاحصـائیة السـنویة العامـة٢٠٠٤، بـدون مكـان طبـع، بـدون سنة طبع ، ص٣٥.

کشتوکاڵ و کەرەستەی خاوو: لەو ڕاپۆرتـەدا کـە ئەنـدازیاری بـەریتانی سـیرویلیەم ویلکوکس بـەرزی کـردەوە لـە ساڵی١٩١١ ئاماژەدەکات ودەڵێت" ئەگەر بتوانرێت کۆنترۆڵی لافاوی هـەردوو ڕووبـاری دیجلـەو فـوڕات بکرێـت ئـەوا دەلتای هەر دوو ڕووبارەکە دەگاتە ئاستێك لەپیتدا کە لە مێژوودا هاوتای نەبوبێت، هەروەها زەوییەکانی دەشتی شەنگار دەتوانێت کێبرکێ بکات لە گەڵ زەویەکانی میسر... جارێکی تر بەهەشتی عەدەنی لێ چەکەرە دەکات[١].

هەروەها لەگۆڤاری جوگرافیا لە ساڵی١٨٩٧ توێژینەوەی ئەفسەر(مونسیل)بلاوکرایەوە، کەچەندین ناوچەی نەوتی عێراقی دەست نیشان کردبوو، سـەرەڕای ئـەو نەخشـەیەی کـە کـانزا میتاڵییـە کـانی تیـا دەسـت نیشـان کردبـوو، گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئەو شڵەژانە ڕامیارییەی کە لە تورکیـا هەیـە یارمـەتی دەرە بـۆ بەدەسـت خسـتنی مـافی وەبەرهێنانی هەندێك لـەو دەرامەتـە کانزاییـە بەنرخانە،جگـە لـە نـەوتی عێـراق کـە گرنگییـەکی بازرگـانی بـێ سنووری دەبێت[٢] .

هەروەها سیرویلیەم نۆکس دارسی لە سنووری خۆرهەلاتی عێراق بەدوای نەوتدا گەڕاوە و لـە سـاڵی١٩٠١ دا تـوانی مافی دەرهێنانی نـەوت لـەزەوی ئێـران بەدەسـت بخـات[٣].و لـە سـاڵی ١٩٠٨ تـوانرا نـەوت دەربهێنرێـت لـەو کێڵگانـە، سەرەڕای بـوونی باوەڕێـك کـە کێڵگەنەوتییـەکانی وڵاتـی فـارس وعێـراق بەشـێکە لـە یـەك پێکهاتـەی جیۆلـۆجی وپشتێنەی نەوتی کێڵگەکانی وڵاتی فارس تا عێراق درێژ دەبێتەوە[٤]... کۆمپانیای هێڵی نەوت ئەنازۆڵ(کۆمپانیای ئەناتۆلیش ئەلیزاپیناهن کزیلشافت)تیمێکی جیۆلۆجی نارد بۆ گەڕان بەدوای نەوتدا، لە ئەنجامی پشکنیندا بۆیان دەرکـەوت کـە عێـراق لـە سـەر دەریاچـەیەك نەوتـە.[٥] بەریتانییـەکان لـە سـەرەتای نیـوەی دووەمـی سـەدەی شانزدەیەمەوە هاتنە عێراق و توانرا لەنێوان هەردوو وڵاتدا(عوسمانی- بەریتانی)بەیان نامـەی فـەرمی بازرگـانی لە ساڵی(١٥٨٠)دا مۆربکرێت[٦]، هۆڵەندییەکان هەر لە سـالأنی(١٥٩٥)دا لـە ئاوەکـانی خۆرهـەلأت دەرکـەوتن[٧]، فـوڕات ودیجلە بۆ کەشتیوانی و بازرگانی دیاریکراو)[٨]و پاشتریش کۆمپانیای ئەنـدرو وێـر بـۆ بازرگـانی دانەوێڵـە دروسـت بوو... لەساڵی١٩٠٥دا[٩].

هەربۆیە وڵاتانی ئەوروپی ململانێیەکی سەرسەختی توندی یەکتریان ئەکرد لە بەرئەوە بە چەندین ڕێگا دەیـان ویست جێ پێی خۆیان بکەنەوە لەناوچەکەو عێراقدا، لەوانە بەستنی هاوپەیمانی ڕامیاری وسەربازی و ئابوری... پاش ئەوەی لنچ ماڵی بازرگانی دامەزراند لەبەغداد لە پاش دا فراوان تربوو بوو بەکۆمپانیای بازرگـانی گـەورەی نێودەوڵـەتی، پاشـتریش دەوڵـەتی عوسمـانی لەسـاڵی(١٨٦١)کۆمپانیایـەکی نـوێی دروسـت کـرد، هـەرووەها وڵاتـانی ئەوروپا پەیمانی جۆراوجۆریان دەبەسـت لەگـەڵ هەریـەك لەدەوڵـەتانی فارسـی و عوسمـانی دژ بـە وڵاتـانی تـری

---

[١] - عبدالرزاق الحسنی، تأریخ العراق السیاسي الحدیث،مصدر سابق، ص٦١.

[٢] - ذکي صالح، بریطانیا والعراق حتي عام ١٩١٤، مصدر سابق، ص١٨٠.

[٣] - عبدالرزاق الحسنی، تأریخ العراق السیاسي الحدیث، مصدر سابق، ص٥٩.

[٤] - صالح خضرمحمد الدلیمي، المصالح الأستراتجیة البریطانیة في العراق(١٨٠٠-١٩١٤)، مصدرسابق، ص١٩.

[٥] - شاکرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحي الطبیعیة والبشریة، الطبعة الأول، مطبعة شفیق، بغداد، سنة١٩٧٣، ص٤٣١.

[٦] - ذکي صالح، بریطانیا والعراق حتي عام١٩١٤، مصدرسابق، ص٣٧.

[٧] - المصدر نفسه ، ص٥٢.

[٨] - صالح خضرمحمد الدلیمي، المصالح الأستراتجیة البریطانیة في العراق(١٨٠٠-١٩١٤)، مصدرسابق، ص١٨ .

[٩] - المصدر نفسه، ص١٩ .

ئـــەوروپی وەك هاوپـــەیمانی ســـاڵی(١٧٩٩)[١]و پـــەیمانی(١٧٩٨)[٢]ی(بـــەریتانی - عوسمـــانی)، و چـــەندین پـــەیمانی تری(فەرەنسی - ئێرانی)و(بەریتانی - ایرانی )(بەریتانی - شێخە عەرەبەکانی کەنداو)...

بەگشتی بازرگانی لە سەدەی نۆزدەیەم دا گرنگی زیاتری پەیداکرد ئەویش بەهۆی[٣]:-

لـە بەرئـەوە کـەل و پـەلی هـەناردەی بـەریتانیا بـۆ عێـراق گەیشـتە(٥٠٪)، هـەناردەی عێـراق بـۆ بـەریتانیا گەیشتە(٢٥٪)، هەربۆیە دەبیـنین ڕێـژەی کـەل و پـەلی هـاوردە بەرزبونەوەیـەکی باشـی بـە خۆیـەوە بـینی تـەنها لەماوەی ساڵانی(١٨٦٤-١٩١٣)ڕێژەکە گەیشتە دوانزە ئەوەندە[٤].

ئەم هەموو گرنگییە ئەڵمانەکانی هاندا بۆ هاتنە ناوەوەیان بۆ مەیدانی داگیرکاری، بۆیـە لەگـەڵ عوسمانییـەکان ڕێکەوتن بەڕاکێشانی هێڵی ئاسنی نێوان(بەرلین- بەغداد)، کەمەبەست لێی گەیشـتن بـوو بەکەنـداوی عـەرەبی، و دروست کردنی هەڕەشە لە سەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا[٥].

سەرەڕای هەژمونی ڕامیاری وئابوری لە ناوچەی کەنداوی فارس وشەتول عـەرەب، بـەریتانیا چاوی لـەوە بـو کـە عێراقی بەربکەوێت پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، چوونکە وڵاتە گەورەکان خوازیاری دابـەش کردنـی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون... بۆیە موقیمی ئینگلیز لە بەغداد لەساڵی١٩١٣دا پێشنیار دەکات بۆ وڵاتەکەی کـە پارێزگاری لە هەموو شێوەیەك لە شێوەکانی ئەولەویـەت دەکات کـە هەیانـە لـە نێـوان دوو ڕووبارەکـە دا. بۆیـە قونسوڵی بـەریتانیا لـە بەغـداد داوا دەکـات هـەژمونی بـەریتانیا لـە نێـوان دوو ڕووبارەکـە دا فـراوانتر بکرێـت و موسڵیش بگرێتەوە[٦] .

پاش ئەوەی وڵاتە سوێند خۆرەکان جەنگیان ڕاگەیاند بەرامبەر بە دەوڵەتانی ناوەند هەر لە(٢٨ی تەموزی ١٩١٤)[٧] هۆکارێکی کارا بو بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژە داگیرکاریە کانی بەریتانیا، بۆیە دەبینین لە(٢٦)ی ئەیلول جەنەڕاڵ کارۆ سکرتێری سەربازی کاروباری هند پێشنیاری ناردنی هێزیکی پەلەی کرد بۆ شەتول عـەرەب و دابەزانـدنیان لەناوچەی ئێـران، بەفـەرمی بـۆ پاراسـتنی دامـەزراوە نەوتییـەکان بـوو بـەڵام لـە ڕاسـتیدا مەبەسـتیان پشـتگیری عەرەبەکان و ئامانجی تربوو[٨]...

**باسی سێیەم: سەرەتای جەنگ لە عێراقی عەرەبی و ویلایەتی موسڵ:**

لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر بەبریارێکی نهێنی هێز ڕەوانەی کەنداوی فارسی کرا کەپێکهاتبوو لە لیوای پیادەی شـانزە بـە سـەرۆکایەتی ژەنـەڕاڵ دیلامـین[٩]. لـە ٥ی تشـرینی دووەم دەوڵـەتی عوسمـانی لایـەنگیری بـۆ دەوڵـەتانی ناوەندڕاگەیانـد[١٠]. هـەر لـە هـەمان ڕۆژدا جـەنگی دژی بـەریتانیا ڕاگەیانـد و لـە(١١)ی هـەمان مانگـدا سـوڵتان

---

[١] - ذكي صالح، بريطانيا والعراق حتي عام١٩١٤، مصدرسابق، ص٦٩.

[٢] - المصدر نفسه، ص٧٣.

[٣] - صالح خضرمحمد الدليمي، المصالح الأستراتجية البريطانية في العراق(١٨٠٠-١٩١٤)، مصدرسابق، ص ١٥-١٦.

[٤] - علاء موسى كاظم نوري وعمادعبدالسلام رؤوف، عهدالأحتلال العثماني الأخير، العراق في التاريخ، مصدر سابق، ص٦٥٠.

[٥] - صالح خضرمحمد الدليمي، المصالح الأستراتجية البريطانية في العراق(١٨٠٠-١٩١٤)،مصدرسابق، ص١٣- ١٤.

[٦] - م.أ. منتشاشفيلي، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ت. د. هاشم صالح التكريتي، مطبعة بغداد، سنة ١٩٧٨، ص١٤٢-١٤٣.

[٧] - شكري محمود نديم، سيرالعمليات الأحتلال عسكري احوال العراق في حرب العالمية الأولى(١٩١٤-١٩١٨)، المفصل في تاريخ العـراق المعاصـر، الطبعة الأولى، بيت الحكمة- بغداد ، سنة٢٠٠٢، ص٣٩.

[٨] - م.أ.منتشاشفيلي، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني ،مصدر سابق، ص١٤٤-١٤٥.

[٩] - عبدالرزاق الحسنى، تأريخ العراق السياسي الحديث، مصدر سابق، ص٥٣.

[١٠] - شكري محمود نديم، سيرالعمليات الأحتلال عسكري احوال العراق في حرب العالمية(١٩١٤-١٩١٨)،مصدر سابق، ص٣٩.

محەمەدی پێنجەم جەنگی پیرۆز(جیهاد)ی دژی ولأتە سوێند خۆرەکان ڕاگەیاند[١]. ئەمانە یارمەتی دەربون بۆ جێ بەجێ کردنی پڕۆژە داگیرکارییەکەی بەریتانیا بۆیە دەبینین لە(٦ تشرینی دووەم)[٢] هێزەکانی [*] بەریتانیا فاویان داگیرکرد، هێزەکان لە پێش ڕەویدا بوون لە(٢٢)ی هەمان مانگ بەسرەش[**] داگیرکرا[٣]. لەگەرمەی جەنگەکەدا ولأتە هاوپەیمانانەکان بۆ دابەش کردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی پەیمانی(سایکس - بیکۆ)یان مۆرکرد[***]، لە(١١ی ئازاری ١٩١٧)شاری بەغدادیش داگیرکرا[٤].جەنەڕاڵ مۆد پەیامێکی خوێندەوەو ڕایگەیاند"... کە ئێمە ڕزگارکەرین نەك داگیرکەر"[٥]، هێزەکانی بەریتانیا لە پێشڕەوی بوون بەرەو ویلایەتی موسڵ [****]،لە نیسانی

[١] - م.أ.منتشاشفيلي، العراق في سنوات الأنتداب الربيطاني، مصدرسابق، ص١٤٤.

[٢] - ستيفن همسلي لونكريك، العراق الحديث من سنة(١٩٠٠-١٩٥٠)تاريخ سياسي اجتماعي واقتصادي، مصدر سابق، ص١٣٥.

[*] - ئەم هێزە ناسرابو بە هێزی(D) لە(٣ی تشرینی دووەم)گەیشتە ئاوەکانی شەتول عەرەب بۆ زانیاری زیاتربڕوانە عبدالرزاق الحسني، تأريخ العراق السياسي الحديث، مصدر سابق، ص٥٤.

[**] - عێراق تاساڵی(١٨٦٩)لە یەك یەکەی کارگێری پێکهاتبو ئەویش پاشایەك لە بەغداد بو، بەلأم لە ساڵی (١٨٧٩)ولایەتی موسڵی لێ دروست بوو وە لەساڵی(١٨٨٤)ولایەتی بەسرەش دروست بوو... بۆ زانیاری زیاتربڕوانە: م.أ.منتشاشفيلي، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، مصدر سابق، ص٢١.

[٣] - علي ناصر حسين، الأدارة البريطانية في العراق(١٩١٤- ١٩١٨)، المفصل في تأريخ العراق المعاصر، الطبعة الأولى، بيت الحكمة - بغداد، سنة٢٠٠٢، ص٥١١.

[***] - پەیمانی سایکس بیکۆ: لە( ١٥-١٧ی مایسی ١٩١٦) هێشتاجەنگی جیهانی یەکەم لەگەرمەی دابوو، کە دوو دیبلۆماتی ئینگلیزی و فەڕەنسی(مارك سایکس)نوێنەری ئینگلیز،(جۆرج بیکۆ)نوێنەری فەرەنسا پاش گفتوگۆ و ڕاوێژێکی دوورو درێژی پێشوتر گەیشتنە ئەوەی لە سەر پەیمانێك ڕێك بکەون کەلە دواییدا بە ناوی هەردووکیانەوە ناونرا پەیمانی(سایکس- بیکۆ)، بۆ ڕەزامەندی ڕووسیای قەیسەر لە سەر ئەو نەخشەیەی کێشرابوو، بۆ ئەو مەبەستە مارك سیکس و جۆرج بیکۆ چوونە شاری(پترۆگراد)و لەدوای گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ڕوسیای قەیسەری دا لەسەر پەیمانێك ڕێکەوتن و لەئەنجامدا هەرسێ لا مۆریان کرد... ئەوەی کە تایبەت بو بە کوردستانی باشوور:-

١- ویلایەتی موسڵ بە فەڕەنسا کەوت چوونکە بەریتانیا دەیویست فەرەنسا بکات بە بەربەستێك لەنێوان خۆیی و ڕووسیا کە کوردستانی باکووری بەرکەتبوو.

٢- بەشەکەی دیکەی کوردستانی باشوور بەر بەریتانیا کەتبوو، کە کەوتبووە ولایەتی بەغداد... بۆزانیاری زیاتر لە سەر پەیمانی سایکس- بیکۆ چۆنیەتی گرێ دانی پەیمانەکەو دابەش کردنی میراتیەکانی دەوڵەتی عوسمانی بڕوانە: أ- م. ر. هاوار شێخ مەحمودی فارەمان دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی بلاك ڕۆژ، لەندەن، ساڵی١٩٩٠،ل٣٣٣. ب- فاضل حسين، مشكلة الموصل دراسة في الدبلوماسية العراقية- الأنكليزية- التركية وفي راي العام، مطبعة الرابطة- بغداد، سنة١٩٥٥، ص٧-٩.

[٤] - علي ناصرحسين، مقاومة العراقية للاحتلال البريطاني(١٩١٤-١٩١٧)، مفصل في تأريخ العراق المعاصر، الطبعة الأولى، بيت الحكمة - بغداد ، سنة٢٠٠٢، ص١٢٨.

[٥] - مصطفي عبدالقادر النجار، عهد الأنتداب، العراق في تأريخ، دارالحرية للطباعة- بغداد، سنة١٩٨٣، ص٦٦٤.

[****] - پاش ئەوی کە مدحت پاشا لە ساڵی(١٨٦٩-١٨٧٢)دا دەسەلأتی گرتە دەستی، دەست کرد بە چاکسازی... لە ناویشدا یاسای ویلایەتەکان وەك ویلایەتی بەغدادو موسڵ، ویلایەتی موسڵ سنوورەکەی بریتیی بوو دیار بەکر و وان لە باکوور دەوڵەتی فارس لە خۆرهەلأت و سەنجەقی دیرزوور لە خۆر ئاوا و ویلایەتی بەغداد لەباشوور، دەکەوتە نێوان هێڵەکانی(٣٤,٢-٣٧,٢)ی باکووری زەوی، ڕووبەرەکەی(٩١٠٠٧)کم[٢] بوو، پێکهاتەی ولایەتی موسڵ پاش ساڵی١٨٧٩ بەم شێوەیە بوو:

١- لیوای موسڵ: لەم قەزایانە(عەمادیە، دهۆك، سنجار، ئاکرێ، زاخۆ)پێکهاتبوو. ٢- لیوای کەرکوك: لەم قەزایانە پێکهاتبوو(ئەربیل، ڕەواندوز، کفری، کویسنجاق، ڕانیە). ٣- لیوای سلێمانی پێکهاتبوو لە قەزاکانی(بازیان، شارباژێر، جاف، مەرگە، گوڵ عەنبەر): نجم عمر السورچي، مصير ولاية الموصل (كردستان الجنوبية)مابعد عام ٢٠٠٠، الطبعة الثانية، بدون اسم المطبعة - السليمانية، سنة١٩٩٩، ص٢٩, ٣٩.

ساڵی(١٩١٧)هێزەکانی ڕوسیا خانەقین یان * داگیرکرد بەلاَم لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا کشانەوە[١]، کاتێك بەریتانییەکان گەیشتنە خانەقین کوردەکان پەیوەندیان پێوەکردن وەك مصطفی باجەلان (سەرۆك هۆزێکی کوردبوو)[٢]. لەکانوونی دووەمی ساڵی(١٩١٨)دا ودر ولْسن**ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەوکاتە گەلاَلەنامەیەکی ڕاگەیاند لە چواردەخاڵ پێکهاتبوو، کەبەندی دوانزەهەمینی تایبەت بوو بە ولاَتانی ڕزگارکراوی ژێر دەسەلاَتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی داوای ژیانی ئاسایی بێ مەرج و سەربەستی ڕەهای دەکرد بۆیان[٣]**، لە مایسی هەمان ساڵ شارەکانی کفری وتازە خورماتو و کەرکوکیش***داگیرکرا ****. دانیشتوان بەخۆشی و شادییەوە پێشوازیان لێکردن، بەتەمای ئەو هەموو یارمەتیانە بوون کە لەوەو پێش بەڵێنیان پێ درابو[٤]. هێزەکانی بەریتانیا لە پێشڕەوی زیاتردا بوون بەرەوشاری موسڵ. تەنها(١٢)میل یان مابو بگەنە موسڵ[٥] ، کە لە(٣٠ی

---

* - ڕووسەکان لە ساڵنی(١٩١٥-١٩١٦)ڕەواندوزیان داگیرکرد، پاشتریش لەساڵی(١٩١٦)خانەقینیان داگیر کرد، بەلاَم بەیارمەتی دانیشتوان و هێزەکانی عوسمانی ئازاد کرا، بۆ زنیاری زیاتر بڕوانە: المس بیل، تأریخ العراق القریب، ت. جعفر الخیاط، مطبعة دار الکتب- بیروت، سنة١٩٧١، ص١٤٠.

[١] - ولید حمید، کوردوکوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و. موحەمەد نوری تۆفیق، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشك- سلێمانی، ساڵی١٩٩٩، ل٣٣.

[٢] - سروة اسعد صابر، کردستان الجنوبیة١٩٢٦-١٩٣٦، دراسة تأریخیة، سیاسیة،الطبعة الأولى، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، السلیمانیة، سنة٢٠٠٦، ص١٧.

** - ولْسون، توماس ودرو(Wilson,Thomas Woodrow)(١٨٥٦-١٩٢٤)بیست و هەشتەمین سەرۆکی وولایەتەیەکگرتووەکان بووە لە نێوان ساڵنی(١٩١٣-١٩٢١)لە سەر لیستی دیموکراتەکان... ڕۆڵێکی مەزنی هەبوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان... بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیان و هەرچوارده برگەکە لە بیرو باوەرکەی بڕوانە: عبد الوهاب الکیالي، الموسوعة السیاسیة، الجزء السابع، الطبعة الأولى، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، سنة ١٩٩٤،ص٢٤٦-٢٤٧.

[٣] - حامد محمود عیسی، القضیة الکردیة في العراق عن الأحتلال البریطاني الى الغزو الأمریکي(١٩١٤-٢٠٠٤)، الطبعة الأولى،مکتبة مدبولي- قاهرة، سنة٢٠٠٥، ص١٠٤.

** - بۆزانیاری زیاترلە سەر بەندەکانی گەلاَلەنامەکەی ودروڵسن بڕوانە: أ- کمال مظهر احمد، کردستان في سنوا ت الحرب العالمیة الأولى، ت. محمد الملا عبدالکریم، مطبعة المجمع العلمي الکردي- بغداد ،سنة١٩٧٧، ص٣١٩-٣٢٠ . ب- احمد محمد امین قادر، موقف مجلس النواب العراقي من القضیة الکردیة في العراق١٩٢٥/١٩٤٥، مطبعة مؤسسة سردم - السلیمانیة، سنة٢٠٠٧،ص١٦.

*** - بە سەنجەقی کەرکوك ووتراوە شارە زوور،(شارەزووریش هەرێمێکی کوردستانە)، پاش چاکسازیە کاریگێریەکان لە ساڵی(١٨٦٧)و دروست کردنی ولایەتی موسڵ، سەنجەقی شارەزووریش بریتی بووە لە( کەرکوك ، ئەربیل، ڕانیە، ڕەواندوز، کۆیە، صلاحیە)پاش ئەوەی کە کە کاروبار ئاڵوزتربوو(فراوان تربوو) شارەزوورخرایە سەر سەنجەقی سلێمانی، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر شارەزوور و مێژوویی شارەزوور بڕوانە: احمد الشنتاوي و آخرون، دائرة المعارف الأسلامیة، المجلد الثامن عشر، دار المعرفة بیروت، بدون سنةطبع، ص٤١٨-٤٢١.

**** - کاتێك کە بەریتانییەکان کەرکوکیان داگیر کرد، شێخ مەحمود دوونامەی نارد، یەکێکیان بۆ حاکمی عامی عێراق و ئەودی تریان بۆ فەرماندەی گشتی کەرکوك، یەکەمیان بەسەید محسن کفری و دووەمیشیان بە هۆی عەبدولاَ صافیەوە... لە نامەکەدا شێخ داوای کردبو لە ئیگلیزەکان حەقی کورد بدەن و سەربەستی و ئازادی بلاَو بکەنەوە... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی شفیق- بەغداد، ساڵی١٩٦٨،ل١٨.


[٤] - ولید حمید، کوردوکوردستان لەبەڵگەکانی بەریتانیادا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

[٥] - فاضل حسین، مشکلة الموصل، مصدر سابق، ص٢.

**تشرینی یەکەمی ١٩١٨)دا، دەوڵەتی عوسمانی خۆی دابەدەستەوە بە پێی پەیمانی مودروس[*****] یان (پەیمانی ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی)[1]، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢).**

**نەخشەی ژمارە(٢)**

**نەخشەی وویلایەتی موسڵ**




**سەرچاوە: ئەحمەد ڕەفیق کەریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاریدا، چاپی یەکەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ٢٠١٤، بە سود وەرگرتن لە:أ- نجم عمر السورجي،**

**مصير ولاية الموصل(كردستان الجنوبية)مابعد عام ٢٠٠٠، مصدرسابق، ص ٣١. بەدەست کاریەوە، بە بەکارهێنانی بەرنامەی(arcview٣.٢).**
B.http://www.moerakrg.org/gallery/gallery_slideshow.asp?strPictureGalleryName=Atlas٢٠%of٢٠%Kirkuk&intPictureNr=١١٤٣٨&intPictureCategoryNr=٧٩&strSlide=no٢

**داگیرکردنی ولایەتی موسڵ:**

**ولایەتی موسڵ گرنگییەکی زۆری هەبوو بۆ بەریتانییەکان، داگیرکردنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوە:**

**١- تێکشکاندنی یەك لەدوایەکی عوسمانییەکان و چۆڵ کردنی شارەکە...**

---

[*****] **- بریتی لە و پەیمانە(٢٥)خاڵیەی کە لە(٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨)لە نێوان نوێنەری عوسمانییەکان و نوێنەری هاوپەیمانان ئەرسەرکارلسورپ(A.carlthorpe)لە سەرکەشتی ئاغاممنون(Agamemnon)لە بەندەری موندەروس لەدوورگەی لیمنوس لە دەریاچەی ئیجە مۆرکرا پەبێی ئەم پەیمانە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی خۆی دا بە دەستەوە... بۆ زانیاری زیاتر لە سەر پەیمانی موندەروس بڕوانە: کمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، مصدر سابق، ص٣٢٦.**

[1] **- نجم عمر السورضي، مصير ولاية موصل مابعد عام(٢٠٠٠)،مصدر سابق، ص٥٩.**

**٢- بوونی کۆگایەکی گەورەی نەوت.**

**٣- گرنگی ستراتیجیی شوێنەکە.**

**٤- بەکارهێنانی کوردە ئازادیخوازەکان(وەك لەمپەرێکی مرۆیی).**

**٥- بوونی لەمپەرێکی سروشتی لەبەردەم هێزی تورکەکاندا(چیاکانی کوردستان).**

**٦- بەکارهێنانی کوردەکان دژ بە عەرەبەکانی ویلایەتەکانی بەغدادو بەسرە، لە کاتی پێویست دا...**

**٧-بەندی حەوتەم و شانزەیەم لە پەیمانی موندروس.**

**سەرەڕای ئەوەی کە پێکهاتەی دانیشتوانی موسڵ بریتییە لە کوردو تورکمان کە زۆرینەی سونی مەزهەبن ئەمەش دەبێتە هۆی دروست کردنی جۆرێك لە هاوسەنگی لەگەڵ زۆرینەی شیعە کە بەرژەوەندی سونەکانیش ڕووبەڕووی هەڕەشە نابێتەوە[١].**

**لە(٧ی تشرینی دووەم)دا هێزی هاوپەیمانان لێدوانێکیان دا کە ناسرا بە لێدوانی(ئینگلیزی - فەرەنسی) تیایدا ڕایانگەیاند کە ئامانجی هێزەکانی هاوپەیمانان ڕزگارکردنی گەلانی ژێر دەسەڵاتی تورکەکانە دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆ یە بۆیان[٢]...لە( ٨ی هەمان مانگدا)هێزەکانی بەریتانیا موسڵیان داگیرکرد[٣].**

**بەم جۆرە بەریتانیا هەرسێ ولایەتی بەسرەو بەغداد وموسڵی[*]کەوتە دەست، بەڵام بۆ ڕازی کردنی کوردەکان و بەکارهێنانیان لە دژی تورکەکان، و کەمی ژمارەی سەربازی بەریتانی وبەزەحمەت گەیشتنی ئازوقە وچەکی زۆر، بڕیار درا کە کاروباری کوردستان بەشێوەیەکی سیاسییانە ڕێکبخرێت... بۆ ئەم مەبە ستەش(ڕائید نوئێل) [**] لە نیوەی مانگی تشرینی دووەم بە نوێنەری بەریتانیا گەیشتە سلێمانی و پێشوازی یەکی گەرمی لێکرا. سنووری دەسەڵاتی نوئێل لیوای کەرکوك بو، کە لەزێ ی بچووکەوە[***]دەستی پێ دەکرد هەتا دیالە (ئاوی سیروان) بەرەو باکووری خۆرهەڵات لەسنووری(تورکیا ئێران)لە دەسەڵاتی تەواوی درابووپێی و ئامانج لەدانانی نۆئێل لەم خاڵانەدا دەرئەکەوێت.**

---

[١] - ليورا لوكيتز، العراق والبحث عن الهوية الوطنية، ت. دلشاد ميران، دارئاراس للطباعة والنشر- اربيل، سنة٢٠٠٤، ص٣٦.

[٢] - بۆزانیار زیاترلە سەر لێدوانە هاوبەشەکەی(ئینگلیزی- فەرەنسی)بڕوانە: أ - احمد محمد قادر، موقف مجلس النواب العراقي من القضية الكردية في العراق١٩٢٥/١٩٤٥,مصدر سابق، ص١٦. ب - أ. م. منتشاشفيلي، العراق في السنوات البريطاني، مصدر سابق، ص٣٩١.

[٣] - خليل علي مراد، مختارات من كتاب الموصل، كركوك في الوثائق العثمانية، مطبعة شفان- السليمانية، سنة ٢٠٠٠، ص١٨٧.

[*] - داگیر کردنی موسڵ بەپێ ی بەندی(٧، ١٦) پەیمانی موندروس بو کە لە خاڵی حەتەم دا هاتووە"هاوپەیمانان دەتوانن هەر خاڵێك(شوێنێك)ی ستراتیجی داگیر بکەن کە هەڕەشە بێت بۆ سەر ئاسایشی هاوپەیمانان"، وە لە خاڵی شانزەیەم دا هاتوە"خۆبەدەستەوەدانی سەرجەم سەربازگەکانی حیجاز و یەمەن وسوریا و میزۆپۆتامیا (نێوان دوو ڕووبار)لەنزیك ترین سەرۆك(قائد)ی هاوپەیمانان، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فاضل حسين، مشكلةالموصل، مصدر سابق، ص٢.

[**] - ناوی تەواوی(ئیدوارد چارلس ولیام نۆییل)ە سەرەتا کابتن بوو دوایی بووە بە مێجەر، لە دوا قۆناغی جەنگی یەکەم دا توانی لەنزیکەوە پەیوەندیی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەرەك هۆزی دەسەڵاتداری کوردی دابمەزرێنێت و زۆرباش فێری کوردی ببوو، خزمەتی دیاری کوردی کرد، یەکێکی وەك ڕەفیق حلمی لە خۆرا نەبوو دەیگوت ئەگەر نەخشەو پێشنیارەکانی نوییل سەریان بگرتایە کورد بەگشت ئاواتەکانی خۆی ئەگەیشت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کمال مەزهەر، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی گرین گالۆری، ساڵی٢٠٠٨، ل٩٣.

[***] - لە ڕاستیدا لە زێی گەورەوە بوو، بڕوانە مێجەر نوئێل، سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد، ئامادەکردنی عبدالرقيب يوسف، و. سدیق ساڵح، چاپخانە وئۆفسێتی سەرکەوتن، سلێمانی، ساڵی٢٠٠١، ل١٧و ١٩.

١-دروست کردنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ سەرکردەکانی ئەو ناوچەیە.

٢- گەڕانەوەی ئاسایش و هێمنی ئەو ناوچانە کەلە دەرەوەی ئەو ناوچانەن کە تا ئەوکاتە داگیرنەکراوبوون.

٣- دەست گیرکردنی پیاو خراپان و دوژمنان.

٤- تەواوی دەسەلاّتی درابو پێ بۆ دانانی شێخ محمود****بەنوێنەری ئینگلیز لە سلێمانی، ئەگەرئەوەی توانی دەتوانێت لە چەمچەماڵ و هەڵەبجەش و هەمان کاربکات و لەشوێنی تریش کەخۆی بە پەسەندی دەزانێت.

٥- کۆکردنەوەی ئەو باج و قەرزانەی کەبەپێی یاسا کەوتبووە ئەستۆیان لەسەردەمی تورکەکاندا، بەلاّم پێشی ڕاگەیەندرابوو کە هەرچیەك بكات لەپەیوەندی و لێك تێگەیشتن لەگەڵییان کاتیە، وایان تێبگەیەنن(واتە لە کوردەکان بگەیەنن)کە مەبەستیان دروستکردنی کارگێری بیانی نیە[1].

**باسی چوارەم : پێکهێنانی یەکەم حکومداریی کوردستان**

کاتێك نوئێل گەیشتە سلێمانی لە١٦ تشرینی دووەم، کوردەکان پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد. بروسکەیەکی کرد بۆ بەغداد و ئاماژەی بەوەکرد کە گرفتی زۆر نابینێت لەبەردەم دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لەژێر چاودێری بەریتانیا دا[2]، لە(١٩ تشرینی دووەم)دا مێجەرنوئێل لەبەردەم عەشایەرەتەکانی جاف و هەمەوەند و پشدەرو ئاکۆ و بلباس و جەباری و زەنگەنە و داودی و تالەبانی وتارێکی خوێندەوەو ڕایگەیاند"بەناوی حکومەتی بەریتانیاو حاکمی گشتی بەریتانیا لە عێراق قسەتان لەگەڵ دەکەم ئەوا لە یە- خسیری ڕزگارتان بوو ئیتر سەربەست و ئازادن و شێخ مەحمود حکومداری کوردستانە لەسەرفرمایشتی حاکمی گشتی بەریتانیا و بەغداد ئەو مژدەیەتان دەدەمێ[3].خۆشی بوو بە حاکمی سیاسی و ڕاوێژکاری شێخ مەحمود و مێجەردانلس بو بەڕاوێژکاری شێخ مەحمود[4]، سنووری دەسەلاّتی لە دیالەوە بۆ زێ ی گەورەبوو بەگشتی هەژمونی دەسەلاّتی شێخ محمود نەگەیشتە کۆی سنجاق و ڕانیە و ڕەواندز، لەولاشەوە ڕێیاندا بەمانەوەی کەرکوك و کفری لەدەرەوەی دەسەلاّتی شێخ محمود، بە دامەزراندنی فەرمان ڕەوایی شێخ کارمەندە عەرەبەکان گۆڕان بەکورد، شادی وخۆشی گەیشتە ئاستێك کە لەوەو پێش وانەبوو بەجۆرێك هەستی نەتەوایەتی ڕاچڵەکا و هیوای گەورەیان هەبوو. بەریتانیا چاوەڕێ ئەوەیان نەدەکرد[5]، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٣).

****- شێخ مەحمود کوری شیخ سەعیدە لەبنەماڵەی کاك ئەحمەدی شێخە کەبنەماڵەیەکی ئاینی ناسراوی شاری سلێمانی بووە، لە ساڵنی(١٨٨١-١٨٨٢)لەدایك بووە لە ساڵی(١٩٥٦)کۆچی دوایی کردووە، لەتەمەنیدا دووجار حکومەتی کوردی دروست کردووە و بەدەستی ئینگلیزەکان ڕوخێنراوە... بۆ زانیاری زیاتربڕوانە، ڕەفیق حلمی، یاداشت، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی٢٠٠٣، ل٢٩.

****- شێخ مەحمود کوری شیخ سەعیدە لەبنەماڵەی کاك ئەحمەدی شێخە کەبنەماڵەیەکی ئاینی ناسراوی شاری سلێمانی بووە، لە ساڵنی(١٨٨١-١٨٨٢)لەدایك بووە لە ساڵی(١٩٥٦)کۆچی دوایی کردووە، لەتەمەنیدا دووجار حکومەتی کوردی دروست کردووە و بەدەستی ئینگلیزەکان ڕوخێنراوە... بۆ زانیاری زیاتربڕوانە، ڕەفیق حلمی، یاداشت، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی٢٠٠٣، ل٢٩.

[1] - ولید حمید، کورد و کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦-٣٧.

[2] - سروة اسعد صابر، كردستان الجنوبية(١٩٢٦-١٩٣٦)، مصدر سابق، ص١٧-١٨.


[3] - م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٦.

[4] - معروف چیاوك، مأساة بارزان المظلومة، الطبعة الثانية، دارئاراس للطباعة والنشر- اربیل، سنة ٢٠٠١، ص٥٩.

[5] - لیورالوكیتز، العراق والبحث عن الهویة الوطنیة، مصدرسابق، ص٥٧.

نەخشەی ژمارە (٣)

نەخشەی سنوری بڕیاری دراو بۆ دەسەڵاداریێتی شێخ مەحمودی حەفید




سەرچاوە: كاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە أ- نجم عمر السورجي، مصير ولاية الموصل(كردستان الجنوبية)مابعد عام ٢٠٠٠، مصدر سابق.

ب- سدیق ساڵح، حكومەتی كوردستان ١٩١٨-١٩٢٤ چاپی دووەم، بنكەی ژین- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٦.ل ١٨٨.

**ڕووخاندنی دەسەڵات داریێتی شێخ مەحمود:**

**لە(٢٧ كانونی یەكەمی١٩١٨)لیژنەی فەرعی ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانیا كۆبونەوە بۆ چاوخشاندنەوە بە بارودۆخی ڕامیاری لەعێراقدا، لیژنەكە دەسەڵاتی دایە ئارنۆڵد وڵسن بۆ ڕاپرسی كردن بەخەڵكی و بۆ زانینی تێڕوانینی ڕامیاریان لەسەر سێ خاڵ كە ئەوانیش:-**

**دەخوازن دەوڵەتێكی عەرەبی دروست بێت لەباكووری(موسڵ)ەوە تا كەنداوی عەرەبی لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیادا؟**

**لەم حاڵەتدا پێتان باشە كە حاكمێكی عەرەبی دابنرێت بەسەرۆكی ئەو دەسەڵاتە؟**

**لەم حاڵەتەدا كێتان پێ باشە بۆ بوون بەسەرۆك، ئەم ڕاپرسییانە لەكوردستاندا كران(ویلایەتی موسڵ)، ویڵسۆن بەخێرایی دەستی كرد بەڕاپرسی لەگەڵ هەندێك شێخ و كەسایەتی سەركردە كوردەكان (ئەوانەی كە لایەنگیری ڕامیاری ئینگلیز بوون)بۆچوونی گەلی كورد فەرامۆش كرا، ئەنجامەكەشی ئەوەبوو كە ویڵسۆن دەیویست، ئەویش دروستبوونی دەوڵەتێكی عێراقی بوو كە لە هەرسێ ویلایەتەكە بێت. دەسەڵاتی ئینگلیز وایان پیشاندا**

کەئامانجی کورد سەربەخۆیی نییە. بۆیە کوردەکانی موسڵ و ئێزیدیەکان لەکاتی ڕاپرسیەکەدا بەیننامەیەکیان دەرکرد دژی دروستبوونی کارگێری عەرەبی، بەڵام دەسەڵاتی ئینگلیز گوێیان لەبۆچوونی کورد نەگرت[1].

ئینگلیزەکان کەوتنە کارکردن بۆکەمکردنەوەی هەژمونی دەسەڵاتی شێخ[2]، سەرەتا بەگۆڕانی مێجەر نوئێل بە مێجەر سۆن دەستی پێ کرد کە لەکانونی یەکەمی(١٩١٨) گەیشتە سلێمانی[3]، هەروەها هەڵگەڕانەوەی هێزە کوردەکان لەشێخ[4].

مێجەرسۆن لەبەشێکی ئەو ڕاپۆرتەی کەلە سەر دەسەلاتی شێخ ناردوویەتی بۆ بەغداد(C.O.730/13-334) لە ڕاپۆرتی ساڵی(١٩١٩)دا دەڵێ" گەورەترین پەرەسەندنی دەسەڵات و فراوانبونی ناوچەی کوردستان(دەسەڵاتی شێخ محمود) لەمانگی شوباتی(١٩١٩)دا پێکهات کەلەوکاتەدا کفری کەرکوکیشی* گرتەوە هەتا ئەولای ڕەواندوزیش چوو**، بەڵام لەمارتی(١٩١٩)دا کەرکوك لابراو بەدروست بونی ئیدارەی هەولێر(کۆیە)ش جیاکرایەوە و خرایە سەر هەولێر... بەو جۆرە لە دوای ئەولێك پچڕاندنە ئێستا ڕووپێوی ناوچەی سلێمانی لەنێوان(٦٥٠٠- ٧٠٠٠)کم چوارگۆشەدا ماوەتەوە[5]، هەروەها سۆن لە ڕاپۆرتێکی تردا بە ژمارە(C.O73/13-3341)ی ساڵی(١٩١٩)دا ئەڵێ" شێخ وای ئەزانی کە ئەتوانێت بەیارمەتی ئێمە حکومەتی کوردی***دروستبکات... سنووری لەناوچەی خانەقینەوە بگاتە ناوچەی شەمدینان، و لەشاخی حەمرینەوە کە ئەوسا بەحەمرین وتراوە(قەشقە)بگاتە سنووری ئێران[6].

لە(٧ی ئایاری ١٩١٩) دا ئەنجومەنی هاوپەیمانان بڕیاری لەسەر ئینتداب دا[7]، لە(٢١ی مایسی)هەمان ساڵ جەنگ دەستی پێ کرد****لەگەڵ ئینگلیزەکان بەیارمەتی کوردەکانی ئێران کەنزیکەی(١٥٠٠)چەکداربوون[1]، دواتر شێخ

---

[1] - حامد محمود عیسی، القضیة الکردیة في العراق، مصدر سابق، ص٤٦-٤٨.

[2] - لیورا لوکیتز، العراق والبحث عن الهویة الوطنیة،مصدر سابق، ص٥٧.

[3] - م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٥.

[4] - لیورا لوکیتز، العراق والبحث عن الهویة الوطنیة، مصدر سابق، ص٥٧.

* - ڕەنکە مەبەستی سۆن، گەورەکردنی کێشەکەو تاوانبار کردنی شێخ بێت، ئەگین شێخ لە رووی سەربازیەوە دەسەڵاتی نەگەیشتۆتە کەرکوك، بەڵام ڕەنگە لایەنگری لە هەردوو شارەکە هەبوبێت، بەتایبەتی هۆزە کوردەکان...

** - شێخ ڕازی نەبوو کە لەمانگی شوباتی(١٩١٩)دا کەرکوك و کفری لە ژێر دەسەڵات دەرکرێت، هەروەها ڕازی نەبو کە وەك حاکمی باشوور کوردستان بمێنێنتەوە، هەروەها لە ڕێی پیلانەکانی خۆیەوە دەیویست دەسەڵاتی بگەیەنێتە عەشیرەتە کوردە دوورە کانی هەولێر و بەشێك لە ناوچەکان لیوای موسڵیش... بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئاوات و هۆکاری ڕاپەرینی شێخ بڕوانە: وەلید حەمید، کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

[5] - م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٥.

*** - قەشە(جی - ستین جونز)لە ناوجەرگەی شەرەکە بووە پاش ئەوەی باسی چوونیەتی شەرەکە دەکات دەڵێت " هۆی بەرپا کردنی ئەم شۆرشە گەورەیە ئەوە بو کە شێخ مەحمود ئەیویست دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە کوردستان دابمەزرێنێت..." : ڕەمزی قەزاز، بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، ساڵی١٩٧٨، ل١١٧.

[6] - هەمان سەرچاوەی پێشو،ل٤٤٥.

[7] - أ .م.منتشاشفلي، العراق في سنوات الأنتداب البریطاني، ص١٩٥.

**** - لە ڕاستیدا شێخ مەحمود دوای ئەوەی کە بە تەواوی بۆی ئاشکرابوو ئینگلیزەکان درۆ لەگەڵ کورد دەکەن و لێبڕاوانە کەووتونەتە خۆ بۆ خستنی و مێجە سۆن یان ناردووە بۆ تێکدانی حوکمداریەکەی و سەرۆك خێڵە گوێ لە مستەکانی کوردی لێ هاندەدەن و بوونی هیچ دەسەڵاتێکی کوردییان پێ هەرس ناکرێت، دەست پێشخەری خۆی کرد... ڕاپەرینی کوردی ڕاگەیاند و ئەفسەرە ئینگلیزەکانی چەك کرد و ئاڵای بەریتانیای لە سلێمانی داگرت و ئاڵای کوردی هەڵدا... بۆزانیاری زیاتربڕوانە: کاپتن

محمود خۆی بەحاکمی گشتی هەموو کوردستان ناوبرد، شارڵ ڕۆ دەڵێت" کۆڵۆنێل وڵسن پێی وتم"ئەمەش دەرئەنجامەکەی چوارده خاڵەکەی وڵسنە، کەوا کوردەکان دەیانەوێت یەکێتی کوردەکانی فارس و تورك بەدەست بهێنن، بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ[٢]. بڕوانە نەخشەی ژمارە(٤).

بۆ دەساڵ زیندانی و دورخستنەوەی بۆ هندستان[٣]. پاش ئاشکرابوونی مەرامی ئینگلیزەکان کوردەکان لەشوێنە جیاجیاکانی موسڵ دەستیان بە شۆڕش کردن کرد، بۆ نموونە لە(٤ی نیسانی١٩١٩)شۆڕشی هۆزەکانی ئاکۆیان دەستی پێکرد و هێرشیان بردە سەرهێزێك(فصیلە)ی بەریتانی ئەفسەری ڕامیاری ئەو هێزەیان کوشت[٤]. هەروەها نەقیب ویلی کەیاریدەدەری فەرمان ڕەوای ڕامیاری(حاکم سیاسی)ئامێدی بوو لەگەڵ هاوڕێکانیدا کوژران[٥]، بارزانیەکان* و زێباریەکانیش لەوکاتەدا لەشۆڕشدابوون بەرامبەر بەئینگلیزەکان، بۆنموونە لە(٤ تشرینی دووەم)ی هەمان ساڵدا حاکمی ڕامیاری موسڵ و یاریدەدەری حاکمی ڕامیاری(نەقیب سکۆت)لەئاکرێ لەسەر دەستی ئەم هۆزانە کوژران[٦].

سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا(کلیمانسۆ)لە لەندەن ویستی سەرۆك وەزیران(لوید جۆرج) دان بنێت بەپەیمانی سایکس بیکۆدا، بەڵام جۆرج داوای ڕێکخستنی ئەو پەیمانەی کرد، کە تایبەت بوو بە موسڵ. سەرئەنجام کلیمانسۆ ڕازی بوو کەویلایەتی موسڵ بچێتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکانەوە بەڵام بەم مەرجانە:

بەدەستهێنانی پشك لەنەوتی موسڵ و ڕێکخستنی پەیمانی گرێدراوی(١٥-١٧مایس).

پشتگیریکردنی فەرەنسا لەڕەخنەکانی ئەمەریکا.

٣- ئەگەر ئینتداب جێبەجێکرا، پێویستە دیمەشق و حەڵەب و ئەسکەندەروونە لەژێر ئینتدابی فەرەنسادا بێت[٧].

بۆ گەیشتن بەمافە نەتەوایەتییەکان کوردەکان لە خەباتی ڕامیاری و دیبلۆماتیشدا بەردەوام بوون، بۆ نموونە بەمەبەستی گەیاندی بیرو بۆچوونەکانی بە(ودرۆ وڵسن)ی سەرۆکی ئەمەریکا ، شێخ مەحمود ، تۆفیق فکرەتی وەك نوێنەری خۆی نارده لای باڵوێزی ئەمەریکا لە تاران تاوەکو لە ڕێگەیەوە ئەو بیرو بۆچوونانە بگەیەنێت،

---

لاین، کورد عەرەب بەریتانییەکان بیرەوەریەکانی کاپتن لاین لە مەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان١٩١٩-١٩٢٩،و. دکتۆر یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٧، ل٣٦.

[١]- میم کەمال ئۆقە، کرنۆلۆژیای مەسەلە ی موسڵ(١٩١٨-١٩٢٦)، و. سەلام ناوخۆش، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات - هەولێر، ساڵی٢٠٠٠، ل١٨.

[٢] - نەجاتی عەبدوڵا، کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسوڵی فەرەنسی لەبەغداد، لە ساڵی١٩١٩،بەرگی یەکەم ،چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٤، ل٦١.

[٣]- م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢١-٥٢٤.

[٤] - أ .م.منتشاشفلي، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، مصدر سابق، ص٣٨.

[٥] - أ- دبليو. أر. هي. سنتان في كردستان ١٩١٨-١٩٢٠، ت. د. .فؤاد جميل، الجزءالأول، الطبعةالأولى، مطبعةجاحظ- بغداد ، سنة١٩٧٣، ص١٨٦. ب- مسعودالبارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، بدون اسم مطبعة، كردستان ، سنة١٩٨٦،ص٢٣.

* - شێخ ئەحمەدی بارزان کۆمەڵێك لە جەنگاوەری بارزانی بە سەرۆکایەتی مەلامستەفا نارد بۆ یارمەتی دانی شۆڕشی شێخ مەحمود، پاش ئەوەی توشی چەندین شەڕبوون پاش ئەوەی کە گەیشتنە سلێمانی کۆتایی بە شۆڕشی شێخ هاتبوو، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : مسعود بارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية،انتفاضة برزان الأولى١٩٣١-١٩٣٢، بدون اسم مطبعة، كردستان، سنة١٩٨٦، ص٢٢.


[٦] - دبليو. أر. هي. سنتان في كردستان ١٩١٨-١٩٢٠،مصدر سابق، ص١٨٦.

[٧] - فاضل حسين، مشكلة الموصل، مصدرسابق، ص٨-٩.

## نەخشەی ژمارە(٤)

### نەخشەی قەڵەم ڕەوی دەسەڵاتداریّتی شێخ مەحمود(تا ئازاری١٩١٩)

### (یەکەم قەڵەمڕەوی دەسەڵاتدارێتی شێخ مەحموود)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە : أ- خلیل اسماعیل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستان عێراق ، بەڕێوەبەرێتی گشتی پرۆگرام و نەخشە پەروەردەییەکان، هەولێر، ٢٠٠٦. بە بێ ژمارەی ل. ب- سدیق ساڵح ، حکومەتی کوردستان ١٩١٨-١٩٢٤، چاپی دووەم، بنکەی ژین- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٦ ،ل ١٨٨.

بەڵام بالۆێزەكە ئەنجام دانی دیدارەكەی ڕەت كردەوە[١]، جەنەراڵ شەریف پاشا[**]یان كرد بە نوێنەری خۆیان لە كۆنگرەی ئاشتی لەپاریس كە لە ساڵی(١٩١٩)بەسترا[*]، سەرەڕای ئەوەی كە شەریف پاشا لەپێش وەستانی جەنگەوە پەیوەندی(بە سیر برسی كوكس)ە وە كرد لە مەرسیلیا سەبارەت بەچارەنووسی ناوچە كوردییەكان[٢]. بەڵام، خەباتی سیاسی و دبلۆماسی جەنەراڵ شەریف پاشا لە كۆنگرەی ئاشتی لە خەباتێكی قورس و دژواربوو چوونكە كەشی سیاسی و بەرژەوەندیی زلهێزەكانی ئەو سەردەمە بەتەواوی لەگەڵ خواستە نەتەوەییەكانی گەلی كوردا ڕێك نەدەهاتەوە[٣].

هاوپەیمانان لەگفتوگۆی بەردەوامبوون لەسەر پشكە نەوتییەكانی عیراق لە(٢٥نیسان)دا گەیشتنە ڕێكەوتنێك، بە ڕێكەوتنی(سان ڕیمۆ[**])ناسرا، كە تیایدا بڕیاریان لەسەر ئینتدابی[***] بەریتانیا لەسەر عێراق بە موسڵیشەوە دا،

---

[١] - كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، مصدرسابق، ص٣٢٣ . نقلاً عن(افاق العربية)،العدد الثالث، سنة١٩٧٦، ص١١٩،١٠٤-١٢٠.

[**] - جەنەڕاڵ شەریف پاشا(١٨٦٥- ١٩٥١)كوری سەعید پاشای خەندانە كەخێزانێكی ناسراوی خانەدانن لە تاق لاوێتیدا بووە بەئەفسەر پاشان جەنەڕاڵ لەسوپای عوسمانیدا... چەندین پۆستی گرنگی وەرگرتووە كە دواییان بو بە بالۆێز ی عوسمانی لە ستهۆكۆڵمی پایتەختی سوید... پاشان كرا بەنوێنەری گەلی كورد لە گۆنگرەی ئاشتی تا(٧ی نیسانی١٩٢٠)، هەندێك چەسپاندنی هەندێك لەماڤی نەتەوەیی... كورد كەلە پەیمانی سیڤەردا چەسپا بە دەرئەنجامی هەوڵ و كۆششەكانی شەریف پاشای دەزانن... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أ- فؤاد حەمە خورشید، جەنەڕاڵ شەریف پاشا، دەزگای ڕۆشنبیری وبلاوكردنەوەی گشتی- بەغداد، ساڵی٢٠٠٧، ل ٥-٢٨. ب- جەلادەت علی بەدرخان، شەریف پاشای خەندان وبیرەوەریەكانی بەرهەڵستێك بەربەرەكانی ئیتحادوتەرەقی، و. زریان ڕۆژهەلاتی، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٦، ص٧.ت- كمال مەزهەر، كورد لە بەلگەنامە نهێنیەكانی بەریتانیادا، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

[*] - جەنەڕاڵ شەریف پاشا دوو یاداشتی دا بە كۆنگرەی ئاشتی یەكەمیان لە(٢٢ئازاری١٩١٩)و دووەمیان لە (مارتی ١٩٢٠)لەگەڵ ئەو دوو یاداشتەدا نەخشەیەكی تەواوی كوردستانی پێشكەش كردبوو. هەروەها ولسن لە كتێبەكەیدا لە سەری ئەڕوات و ئەڵێت: پێشنیارەكانی شەریف پاشا بەو جۆرە بوو كە بەڵێن و پەیمانی بدرێتی كە ئۆتۆنۆمی بدرێ بە كوردستان لە ژێر چاودێری بەریتانیادا، لە ڕاستیدا پێویست بوو شتێك بكەین بۆ كورد هەروەكو ئەوەی عەرەبەكانمان كردبوو، شەریف پاشا زۆرپەلەمان لێ ئەكات كە بەدەست و بردی و خێرا ئەو داخوازیانەی بە جێ بهێنرێ و چاوەڕوانی كۆنگرەی ئاشتی نەكرێ و داوای ئەوە ئەكا خوارووی كوردستان نەبەسترێ بە میسۆپۆتامیاوە بەلكو ئەیەوی ئۆتۆنۆمی بدرێ بە كوردو ئێمە كۆنترۆڵی بكەین و لە ژێر چاودێری ئێمە دا بن: م. ر.هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەولەتەكەی خواروی كوردستان، بەرگی دووەم، جاف پرێس،بلاك ڕۆز، لەندەن، ساڵی١٩٩١، ل١٥و١٧.

[٢] - كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، مصدرسابق، ص٣٣٥.

[٣] - فؤاد حەمە خورشید، جەنەڕاڵ شەریف پاشا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

[**] - پەیمانی سانڕیمۆ:بریتی بوو لەوپەیمانەی كە لە(٢٥ی نیسانی١٩٢٠)لە نێوان هاوپەیمانان دا بەسترا كە لە سەرچەندین خاڵ ڕێكەوتن وەك دابەش كردنی نەوتی موسڵ و ڕێكخستنی پەیمانی(بیرنجە - لونك)و بڕیاردان بە سەپاندنی ئینتداب بە سەر ولاتانی ڕزگاركراو لە دەولەتی عوسمانی بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: فاضل حسین، مشكلة الموصل، مصدر سابق، ص٩.

[***] - ئینتداب(mandate)وەك لە بەلگەنامەی كۆمەڵەی گەلان هاتوە بریتییە لە: یارمەتی دانی دەوڵەتە لاواز و دواكەوتوەكان لە پێشكەوتن وە ڕاهێنانیان لە سەر شێوەی فەرمان ڕەوایی هەتا دەتوانێت سەربەخۆ بێت و خۆی فەرمان ڕەوایی خۆی بكات، بە دەوڵەتە یارمەتی دەرەكە دەوترێت(الدوله المنتدبه)... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : عبدالوهاب الكيالي و اخرون، موسوعة السياسية، الجزء الأول، الطبعة الرابعة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، سنة ١٩٩٩، ص٣٤٢. بۆ زانیار زیاتر لە سەربیرۆكەو چەمك و چۆنیەتی دابەش بوونی ئینتداب بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تأريخ السياسي الحديث، الجزءالأول، الطبعةالثانية، دارالكتب - بيروت، سنة١٩٧٥، ص٦٤-٧٠.

فەرەنسا بەم پێشنیارە ڕازی بوو... لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆ دانانی پرۆژەی ئینتداب، پاشتر لەکۆمەڵەی گەلان[****]خرایە ڕوو لە(٣ی ئایاری١٩٢٠)بەفەرمی ئینتدابی بەریتانی سەر عێراقیان ڕاگەیاند. داگیرکەران فەرمان ڕەوایی عێراقیان گرتە دەست، بەگیانی(روحی)مادەی(٢٢)ی جاڕنامەی کۆمەڵەی گەلان، لە ( ٢٤ی تەموزی١٩٢٢) پەسەندی کۆتایی ئینتدابیان کردو چووە بواری جێبەجێکردنەوە لە(١٩ی ئەیلولی١٩٢٣[١]). بەبڵاوبونەوەی سەپاندنی ئینتداب و گەیشتن بەرێکەوتن لەسەر نەوت، لەساڵی(١٩٢٠)شۆڕش لەعێراق دەستی پێکرد سەرجەم ناوچەکانی گرتەوە[٢]، بەکوردستانیشەوە بۆ نموونە کوردەکان دەستیان گرت بەسەر هەندێك لەو شارانەدا کەلەنزیك سنووری ئێرانەوە بوون[٣]. لە(١٠ی ئابی١٩٢٠)هاوپەیمانان و عوسمانییەکان گەیشتنە ڕێکەوتنێك کە ڕەوایی یاسایی دایە ڕێکەوتنی سان ڕیمۆ و سستمی ئینتداب[٤]. ئەویش پەیمانی سیڤەر بوو[*]. بەپێی مادەی(٦٢)ی ئەم پەیمانە کورد مافی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبوو. بڕوانە نەخشەکانی ژمارە ( ٥ ، ٦، ٧، ٨).

لە(٢٥ی تشرینی یەکەمی١٩٢٠)دا بەریتانیا فەرمان ڕەوایەتی یەکی کاتی، بە سەرۆکایەتی عەبدول ڕەحمان گەیلانی دروستکرد[٥]. لە ویلایەتەکانی بە سەرەو بەغداد... مەندوبی سامی سیڤیلی بەریتانی لەبەغدا لەوکاتەدا لە ڕاگەیاندنێکدا دانی نا بەمافی ڕەوای ویستی کورددا لە ڕەتکردنەوەی لکاندنی زۆرە ملێی بەدەسەڵاتداریێتیی بەغدادەوە و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ[٦]. لەئەنجامی کێشە دارایی و ئابوری...ەکان کەتوشی هێزەکانی ئینگلیزببوو لەساڵی١٩٢٠.

---

[****] - کۆمەڵەی گەلان(leugue of Nation): ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیە لە ساڵی١٩٢٠دامەزرا، بەپێی ڕێکەوتنامەی پەیمانی ڤرسای، بەدروست بوونی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆتایی پێهات، لە ئەجنداکەی لە پێشەکیەك و(٢٦)مادە پێك هاتبوو، لە پێشەکیەکدا جەختی لە سەر ئاشتی و داگەری... دەکردەوە لە سەرەتادا لە (١٣)وڵات پێکهات و تا ساڵی(١٩٣٩)بوون بە(٢١)وڵات و هەمان ماوەشدا(١٦)وڵات کشانەوە، ڕێکخراوەکە لە سێ بەش پێکهاتبووکە بریتی بوون لە کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی و ئەمانەتی گشتی و دامەزراوەی دادوەری نێودەوڵەتی بۆچارەسەر کردنی کێشە نێودوڵەتیەکان... محمد بشير الكافي و أخرون، الموسوعة السياسية، الجزء الرابع، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، بدون سنة طبع، ص١١٢.

[١] - أ. م. منتشاشفيلي، العراق في سنوات الأنتداب البريطانية، مصدر سابق، ص١٦١-١٦٢.

[٢] - باقر یاسین،مێژوویی خوێناوی عێراق، ڕوداوەکان - هۆکارەکان چارەسەرەکان و.حەمەصالح گەلاڵی، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٤، ل٢٢٢.

[٣] – تشارلزتريب، صفحات من تأريخ العراق، ت. زينة جابر ادريس، الطبعة الأولى، دار العربية للعلوم، سنة٢٠٠٦، ص٨٣.

[٤] - فاضل حسين، مشكلةالموصل، مصدرسابق، ص١٢.

[*] - پەیمانی سیڤەر: بریتییە لەو پەیمانەی کە(١٠ی ئابی١٩٢٠)لەنێوان تورکەکان و بەریتانییەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(وەك چاودێر)و فەرەنسا و ئیتالیاو ژاپۆن و ئەرمینیا وبەلجیکا و یۆنان وحیجازو پۆلۆنیا وپورتوگال و ڕۆمانیا و دەوڵەتی سرب - کروات-سلۆڤینی(پاشان یۆگسلافیای لێ پێکهات)چیکۆسلۆفاکیا و نوێنەری کوردیش بە شێوەی چاودێر بۆ ڕاوێژو ڕونکردنەوەی هەندێك گیروگرفتی نێوانیان لەگەڵ ئەرمینیا بەشداربوون. پەیمانەکە لە شارۆچکەی سیڤەر لە فەرەنسا مۆرکرا کەلە(١٣بەش و ٤٣٣)خاڵ پێکهاتبوو بەپێی بڕگەکانی(٦٢، ٦٣، ٦٤)لە بەشی سێیەم کە بە شێکی تایبەت بو بەناوی(کوردستان)وە تۆمار کراوە، بڕیاری دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربە خۆی کوردی درا، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: أ- حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق عن الأحتلال البريطاني الى الغزوالأمريكي، سنة ٢٠٠٤، مصدر سابق، ص١٢٠. ب - نجم عمر السورچی، مصير وولاية الموصل (كردستان الجنوبية)مابعد عام ٢٠٠٠، مصدر سابق، ص٥٩. ج - كمال مظهر احمد في سنوات الحرب العالمية الأولى ، مصدرسابق، ص٣٤٤. د - منذر الموصلي، عرب واكراد رؤية عربية للقضية الكردية، الطبعة الأولى، مطبعة دارالغضوون- بيرو ت، سنة١٩٨٦. ص٩٠. و- زیاگویێگئالب، ساڵنی پێش جەنگی جیهانی یەکەم، گەلێکی پەژموردەو نیشتمانێکی پەرت، و. لە فارسیەوە م. گۆمەیی، سوید، ساڵی١٩٩٨، ل١٠٦.

[٥] - ياسين طه طاهر العسكري، مؤتمر القاهرة والمسألة الكردية في العراق، مفصل في تأريخ العراق المعاصر، الطبعة الأولى، بيت الحكمة-بغداد، سنة٢٠٠٢، ص٨١٥.

[٦] - ليورا لوكيتز، العراق والبحث عن الهوية الوطنية، مصدر سابق، ص٥٧.

نەخشەی ژمارە (٥)

نەخشەی شەریف پاشا بۆ سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای کۆنگرەی ئاشتی لە (١ ی ئاداری ١٩٢٠)



سەرچاوە: ئەحمەد ڕەفیق کەریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاریدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ( ) بە سود وەرگرتن لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، و. د. نەجاتی عەبدوڵا، بەبێ شوێن و ساڵی چاپ، ل١٧٤.

نەخشەی ژمارە(٦)


نەخشەی یاداشتی یەکەمی شەریف پاشا بۆ پەیمانی سیڤەر



سەرچاوە: هەمان سەرچاوەی پێشوو بە سود وەرگرتن لە : فؤاد حەمە خورشید، جەنەراڵ شەریف پاشا، خورشید فؤاد حەمە، جەنەراڵ شەریف پاشا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

نەخشەی ژمارە (٧)

نەخشەی یاداشتی دووەمی شەریف پاشا بۆ پەیمانی سیڤەر






سەرچاوە:- هەمان سەرچاوەی پێشوو بە سود وەرگرتن لە : فؤاد حەمە خورشید، جەنەراڵ شەریف پاشا، خورشید فؤاد حەمە، جەنەراڵ شەریف پاشا، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

نەخشەی ژمارە (٨)

نەخشەی دەوڵەتی کوردستان بە پێی بەندەکانی ( ٦٢، ٦٣، ٦٤ ) پەیمانی سیڤەر





سەرچاوە:- هەمان سەرچاوەی پێشوو بە سود وەرگرتن لە : فؤاد حەمە خورشید، جەنەراڵ شەریف پاشا، خورشید فؤاد حەمە، جەنەراڵ شەریف پاشا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

لەکۆتایی هەمان ساڵدا سەرۆك وەزیران لوید جۆرج بریاریدا کەوینستۆن چەرچڵ * بکات بەوەزیری کۆلۆنیاڵیەکان تا چارەسەری کێشەکان بکات.

پاشتریش بریاردرا بەبەستنی کۆنگرەیەك(کۆنگرەی قاهیرە)کە لە(ای ئازاری١٩٢١)دابەسترا، لەوکۆنگرەیەدا چەندین بریارو ڕاسپاردە دەرچوو کەتایبەت بوو بەوڵاتانی ژێر ئینتدابی بەریتانی و بارودۆخی ئابوری... ئەوەی تایبەت بوو بە کوردستان بریار درا کە کوردستان بلکێنرێت بە عێراقی عەرەبیەوە[١]، هەروەها پێشنیارکرا بەدانانی مەلیك فەیسەڵ بە مەلیکی عیراق[٢].

پاشتر لە(٢٣ی ئابی ١٩٢١)بەفەرمی کرا بە مەلیکی عیراق[٣]. هەر زوو ڕیفراندۆمێکی بەپەلە بۆ بەپاشاکردنی فەیسەڵ ساز درا، لەبەرامبەر ئەو خۆ پاڵاوتنە نەخشە بۆ کێشراوەی فەیسەڵ، شارەکانی کەرکوك و سلێمانی وموسڵ بەشداری ڕیفراندۆمەکەیان نەکرد[٤]، دانیشتوانی(خانەقین)یش داوای دەوڵەتێکی کوردیان ئەکرد، لەکاتی دەستنیشانکردنی بەمەلیك نوێنەری شارەکانی کەرکوك و سلێمانی ئامادە نەبوون[٥].

پێکهێنانی دووەم حکومەتی کوردی لەلایەن شێخ مەحمودەوە:

پاش گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن کەمالییەکانەوە لە(تشرینی دووەمی١٩٢٢)دا جارێکی ترکەوتنەوە داواکردنی ویلایەتی موسڵ، بۆ ئەو مەبەستە هێزێکیان بەسەرۆکایەتی ئۆزدەمیر** ناردە ڕەواندوز، بەمەبەستی هاندانی کوردەکان دژی دەسەڵاتی ئینگلیزو نەلکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتەکانی عێراقی عەرەبیەوە ئینگلیزەکان بە باشیانزانی کە شێخ محمود بگوازنەوە بۆ کوردستان بەمەبەستی کەمکردنەوەو دورخستنەوەی دەسەڵاتی تورکەکان لەناوچەکەدا. لە(٢٢ی ئەیلولدا)شێخ گەیشتەوە بەغدا[٦]، لە(٣٠ی ئەیلولدا) گەیشتەوە سلێمانی[٧].

لە (٩)ی تشرینی دووەمدا حکومەتی کوردی ڕاگەیاند ***، شێخ زۆرترین بیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی * ئەکردەوە[١]، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٩).

---

* - چەرچل.ونستۆن لیونارد سبنسەر(١٨٧٤-١٩٦٥)لە بنەماڵەی مالبۆرۆی ڕەسەنی بەریتانیان... سەرەتای ژیانی پراکتیکی بە خزمەتی سەربازی دەست پێ کرد و چەندین پۆستی تری وەرگرت و پاشان بوو بە سەرۆك وەزیر لە جەنگی جیهانی دووەم دا... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:عبدالوهاب الكيالي واخرون، موسوعة السياسية، الجزء الأول، الطبعةالرابعة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، سنة١٩٩٩، ص٧٤١.

[١] - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، و.حەمەکەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، ساڵی٢٠٠٤، ل٦٨.

[٢] - سها طارق الجبوري، مؤتمر القاهرة والستراتيجية البريطانية في العراق، مفصل في تأريخ العراق المعاصر ،الطبعةالأولى، بيت الحكمة- بغداد، سنة٢٠٠٢، ص٢٣٤-٢٧٥.

[٣] - عبدالمجيد كامل عبداللطيف التكريتي، تبوء الأمير فيصل عرش العراق، سنة ١٩٢١، مفصل في تأريخ العراق المعاصر, الطبعة الأولى، بيت الحكمة- بغداد، سنة٢٠٠٢، ص٢٨٧.

[٤] - میم کەمال ئۆڤە، کۆرنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ،(١٩١٨- ١٩٢٦)، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٠.

[٥] - حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق الأحتلال البريطاني الي الغزو الأمريكي(١٩١٤-٢٠٠٤)مصدرسابق ، ص٧٣.

** - بۆزانیار لە سەر ئوزدەمیر و کارەکانی بڕوانە:أ- رەفیق حلمی، یاداشت، چاپی سێیەم، سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٢. ب- ئەحمەد باوەڕ، ئۆزدەمیرو کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٠، ل٢١-٢٢.

[٦] - ياسين طه طاهرالعسكري، مؤتمر القاهرة و المسألة الكردية في العراق، مصدر سابق، ص٨٣٤.

[٧] - أ.م.منتشاشفيلي، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، مصدر سابق، ص٣٢٠.

*** - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر کابینەی حکومەتەکەی شێخ بڕوانە: ڕەمزی قەزاز، بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣-١٧٤.

**شێخ متمانەی بەئینگلیزەکان نەمابوو، پەیوەندی کرد بە سۆڤیەتییەکانەوە لە ڕێی کۆنسوڵگەریان لە تەورێز بەمەبەستی هاریکاری و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی... بەڵام وەڵامیان پشتگیری نەکردنی بزوتنەوەی کوردو دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بوو[٢]... کاتێك کەمالییەکان لەسەرەتای ساڵی(١٩٢٢) کۆبونەوەیەکیانکرد لەگەڵ هاوپەیمانان، داوای ڕێکخستنی پەیمانی سیڤەریان کرد[٣]... پاش هاتنی ئۆزدەمیر بۆ ڕەواندوز و بەهێزبوونی هەژموونی تورك لەو ناوچانە و شکاندنی هێزەکانی ئینگلیز لەموسڵ و کشانەوەی فەرمانبەرەکانی لە سلێمانی. شێخ نوێنەری نارده لای ئۆزدەمیر، شێخ و ئۆزدەمیر ڕێکەوتنێکیان ئیمزاکرد ** ، لە بەندی یەکەمدا دەوڵەتی تورکیا بەڵێنی سەربەخۆیی بەکوردستان دەدات و لە بەندی سێیەمدا سنووری دەوڵەتە کوردییەکە دیاریدەکات کە لە باشووری بەرزاییەکانی حەمرین...دابێت[٤].**

**لەکۆتای نۆڤەمبەری(١٩٢٢)دا ڕاگەیاندنێکی ئینگلیزی عیراقی هاوبەش بڵاوکرایەوە کە مافیان بەکوردەکانی سنووری عیراق دەدا دەوڵەتێکی کوردی دروست بکەن، مەبەست لێی هێورکردنەوە کوردەکان بوو بە مەبەستی سەرکەوتنی کۆنگرەی لۆزان[٥] *** . بەڵام لێدوان و بەڵێنەکان نەبرانە سەر، لە(٢٤ ی شوباتی١٩٢٣)لە ڕادیۆی بەغداد ئینگلیزەکان بڕیاری هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتدارییەکەی شیخ محمودیاندا... دواتریش لە(١٦ی ئایار)یشدا بۆجاری دووەم سلێمانی داگیرکرایەوە و حکومەتەکەی شێخ محمود بەتەوای ڕوخێندرا[٦].**

---

* - دەوڵەتی کوردی خەونی هەموو سەرکردە کوردەکان بووە، بۆنموونە سەید تەهای شەمدینان لە بەرامبەر یارمەتی دانی ئینگلیزەکان دا لە یاداشتێکدا چەند مەرجێکی بە فەرمی پێشکەش کردن کە لە(٥)خاڵ پێك هاتبوو، لە خاڵی یەکەمدا داوای دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی کردبوو... کە کوردستانی ئێرانیشی تیابێت.. ڕەفیق حلمی، یاداشت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣-١٦٤.

[١] - دیڤید ماکداویڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، و. ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٢، ل٣٣٩.

[٢] - بۆزانیاری زیاتر لە سەر خاڵەکانی تری ڕێکەوتنەکە بڕوانە: ئەفراسیاوهەورامی، کورد لە ئەرشیفی ڕووسیاوسۆڤیەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، ل٢٢٨.

[٣] - فاضل حسين، مشكلة الموصل، مصدر سابق، ص٢٧.

** - ئیگلیزەکان ئاگاداری پەیوەندی نێوان شێخ وتورکەکان بوو، چوونکە ئینگلیزەکان توانی پیاوانی دەوروبەری شێخ بکڕن یان باوەڕپێکروانی خۆیان دابنێن وەك شێخ قادری برای شێخ مەحمود، شێخ قادری نوری شێخ صالح بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەفراسیاوی هەورامی، کورد لە ئەرشیفی ڕووسیاو سۆڤیەت دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٦.

[٤] - ئەفراسیاوهەورامی، کورد لە ئەرشیفی ڕوسیاو سۆڤیەتدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٦-٢٢٧.


[٥] - أ.م.منتشاشفيلي، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، مصدر سابق، ص٣٢٤.

*** - پەیماننامەی لۆزان: ئەو پەیمانە بوو لە نێوان تورکیاو هاوپەیمانان مۆرکرا، لە(٢٤تەموزی ١٩٢٣) لەسەر چەندین خاڵ ڕێکەوتن وەك دیاری کردنی سنوور و ئەنجام نەدانی چاڵکی سەربازی و ناسەربازی و دەستبەرداربوونی تورکیا لە سەرجەم ئەو مافانەی کەدەکەونە ئەو زەویانە دەرەوەی ئەو سنوورەی کە لەپەیماننامەکەدا دیاری کرابوو بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أ- فاضل حسين، مشكلة الموصل، مصدر سابق، ص٣٨. ب - نجم عمر السورجي، مصير ولايةالموصل(كردستان الجنوبية)مابعد عام٢٠٠٠، مصدر سابق، ص٦٢. ج - فەرید ئەسەسەرد، چەمکی بیرۆکەی دەوڵەت لە جوگرافیای سیاسیدا، مەکتەبی بیروهۆشیاری- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٢، ل ٧٠. د- فۆاد حمەخورشید و جزا توفیق تالیب، مؤتمر لوزان(مؤتمر تقسيم كوردستان)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٢٣، ساڵی٢٠٠٠، ل ١٧.

[٦] - أ.م.منتشاشفيلي، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، مصدرسابق، ص٣٢٥-٣٢٧.

## نەخشەی ژمارە (٩)

## نەخشەی قەڵەم ڕەوی دووەم دەسەڵاتداریێتی شێخ مەحمود




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە : أ- خلیل اسماعیل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستان عێراق ، سەرچاوەی پێشوو، بە بێ ژمارەی ل. ب- سدیق ساڵح ، حکومەتی کوردستان ١٩١٨-١٩٢٤، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٨٨.**

**خەباتی چەكداری و ڕامیاری و دیبلۆماسی درێژەی هەبوو. شێخ بۆ جاری سێ حكومەتێكی تری پێك هێنا لە نێوان(تەموزی ١٩٢٣- ١٩تەموزی ١٩٢٤)بەلاَم لە ڕووبەرێكی جوگرافی بەرتەسك دا[*]، بڕوانە نەخشەی ژمارە (١٠)، دواتر ویلایەتی موسڵ بەگەل و خاكەوە ملكەچی دەوڵەتی عەرەبی بەغدا كرا، ئەمەش بردنە سەری ئەو بەڵێنەبوو كە مەكماهۆن بەشەریف حسێنی[**] دابوو لەپێش ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا.**

**لە(٢٤ی تەموزی١٩٢٣)دا واژۆی پەیمانی ئاشتەوای كۆتایی لە نێوان توركیا و هاوپەیمانان كرا، پەیمانی لۆزان بە یەكجاری كوردی لە خەونی سەربەخۆیی ڕاچەڵەكاند و كورد و خاك و ئاواتیان بووە قوربانی بەرژەوەندی و پەیوەندیی نێوان هاوپەیمانان و توركیا، تەنانەت وەك كەمینەیەكی ئیتنیكیش هیچ مافێكی كلتوری بۆ نەسەلمێندرا، چوونكە پەیمانەكە توركیای بەرێزگرتنی مافی كەمینەی فەلە و جولەكە پابەنكرد. بەپێی بڕگەی دووی مادەی سێ ئەبوایە لە ماوەی نۆ مانگدا سنووری(عێراق- توركیا)دیاری بكرێت. ئەگەر لەو ماوەیەدا نەگەیشتنە ئەنجام ئەوا كێشەكە ڕەوانەی كۆمەڵەی گەلان دەكرێت.**

### باسی پێنجەم : چارەنوسی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پاش ڕووخاندنی دەسەلاَتی شێخ مەحمود:

**پاش ڕەوانەكردنی كێشەكە بۆ كۆمەڵەیگەلان(لە٣٠ی ئەیلولی١٩٢٤)دا كۆمەڵە لیژنەیەكی[***] پێكهێنا بۆ دیاریكردنی سنوور[1]، لیژنەكە لە(١٦ی كانونی دووەمی ١٩٢٥)سەردانی ویلایەتی موسڵی كرد[****] نەكرد، تا لەپەیمانی سیانی(توركیا - عیراق + بەریتانیا)، لە(٢٥ی حوزەیرانی١٩٢٦)[2](پەیمانی ئەنكەرە)[3]بە یەكجاری بەسنووری ئێستای نێوان عێراق- توركیا(هێڵی بڕۆكسل)ڕازیبوو لە بەرامبەر پێدانی (١٠٪)ی نەوتی ویلایەتی موسڵ بۆ ماوەی(٢٥)ساڵ و وەرگرتنی(٥٠٠)هەزار جونەیهی ئەستەرلینی[4]. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١١).**

---

[*] - شێخ سێیەم تەشكیلاتی حكومەتی بەناوی مەجلیسی میللی(عمومی) یەوە لە(ڕووئەسای دەوائیر) و (ئەشراف مەملەكەت)پێكهێنا... بۆ زانیاری لە سەر دەسەلاَتداریێتی سێیەمی شێخ و ئەندامە ئاساییەكانی حكومەتە نوێیەكەی... بڕوانە: سدیق ساڵح، حكومەتی كوردستان ١٩١٨-١٩٢٤ ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢و١٦٠-١٧٤.

[**] - بۆزانیاری زیاتر لە سەر پێك هاتن و نامە گۆڕینەوەكانی نێوان شەریف حسێن و مەكماهۆن بڕوانە: بێ ناوی دانەر، نامەو نامە كاری نێوان شەریف حسێن و مەكماهۆن(١٩١٥)و. لە فارسیەوە ئازاد میران، گۆڤاری سەنتەری لێكۆلینەوەی ستراتیجی، ژمارە٢ ی ساڵی پانزەیەم، ئابی٢٠٠٧، ل٢٤٥-٢٥٣.

[***] - لیژنەكە پێكهاتبون لە كونت تیلیكی(سەرۆك وەزیرانی پێشووی مەجەر)و مسیواف ویرسن (وەزیری مفەوەزیەی لاسوج)و كولونیل بولیس(بەلجیكی)، بۆ چۆنیەتی دروست كردنی لیژنەكەو كاتی كۆبونەوەكان و سەردانەی ناوچەی ململانێ و لێكۆلینەوەكان بڕوانە: أ - لجنة عصبة الأمم، تقريرحول الحدود العراقية - التركية، مصدر سابق، ص١. ب- مريم عزيز فتاح، تحليل العوامل التي رسمت الحدود العراقية - التركية، مركز كوردستان للدراسات الأستراتيجية - السليمانية، سنة٢٠٠٧، ص٣.

[1] - عزيز قادر الصامانجي، تأريخ السياسي لتركمان العراق، الطبعة الأولى، دار الساقي - بيروت، سنة١٩٩٩، ص٧٥.

[****] - لیژنەكە ئەم پرسیارانەی لە خەڵكی ناوچەی ململانێ(ولایەتی موسڵ) دەكرد: ئایا ئینگلیزتان پێ باشترە یان تورك؟ ئایا ئەگەر ئینگلیز پاشە كشەی كرد لە عێراقدا ئێوە چی دەكەن؟.. عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، الجزء الأول، طبعة الثانية، مطبعة العرفان- صيدا، سنة ١٩٥٧،ص١٩٧.


[2] - محمد نورالدين، تركيا في زمن المتحول قلق الهوية و وصراع الخيارات، الطبعة الأولى، الرئيس للكتب و النشر- رياض، سنة ١٩٩٧، ص٢٥٠.

[3] - أيوب بارزاني، المقاومة الكردية للاحتلال١٩١٤- ١٩١٨، دار نشر حقائق المشرق، سنة٢٠٠٢، ص٥٩.

[4] - محمد عبدالحسن المياح، مشكلة الموصل و ترسيم الحدود العراقية - التركية، مفصل في تأريخ العراق المعاصر، الطبعة الأولى، بيت الحكمة- بغداد، سنة٢٠٠٢، ص٦٣٤.

**نەخشەی ژمارە (١٠)**


**نەخشەی قەڵەم ڕەوی سێیەم حكومەتی كوردستان**




سەرچاوە : كاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە:- أ - خلیل اسماعیل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی كوردستان عێراق ، سەرچاوەی پێشوو، ساڵی ٢٠٠٦.. ب- سدیق صالح ، حكومەتی كوردستان ١٩١٨-١٩٢٤، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١.

**نەخشەی(١١)**

**نەخشەی عێراق لە ساڵی ١٩٢٣دا.**




**سەرچاوە: ئەحمەد ڕەفیق کەریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاریدا، سەرچاوەی پێشوو، بەسود وەرگرتن لە طارق هاشمی ، جغرافيه العراق، الطبعة الاولى، مطبعة المعارف، بغداد، سنة ١٩٣٣. بدون رقم صفحة.**

پاشان چەند بڕیارێکیان دەرکرد و موسڵیان لکاند بەعێراقەوە لە(١٦ی کانونی یەکەمی)هەمان ساڵ کۆمەڵەی گەلان بەکۆی دەنگ بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵیاندا بەعێراقەوە[١]، بەڵام تورکیا ئەو پەیمانەی پەسەند دەتوانین هۆکارەکانی دروست کرنی دەسەڵاتداریەکی کوردی لە ولایەتی موسڵ بگێڕینەوە بۆ:

ڕاکێشانی هەستی نەتەوایەتی کوردی، بەمەبەستی هاریکاری ئینگلیزەکان و دوورخستنەوەی هەژمونی ڕامیاری و سەربازی تورکیا لەویلایەتی موسڵ.

بەکارهێنانی وەك کارتێکی فشار دژ سەرکردە عەرەبەکان وجڵەوکردنیان.

دروستنەبوونی یاخی بوون و کەمبوونی زیانی گیانی و ماڵی ئینگلزەکان وجێ کردنەوەی شوێن پێ یان لەناوچەکەدا.

هەروەها هۆکاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبییەوە بریتی بوو لە:-

١- کۆگای پرنەوتی کەرکوك، خانەقین... زۆر و زەوەندی دەرامەتی سروشتی و بەروبوومی کشتوکاڵی.

٢- دروستکردنی هاوسەنگی و مەزهەبی سونی و شیعی لەعێراقدا.

٣- بەرژەوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و پەیمانە نوێیە نێودەوڵەتییەکان.

٤- ئەو بەڵێنانەی کە بە شەریفی مەکە درا سەبارەت بەسنووری نوێی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی پاش سەرکەوتنی هاوپەیمانان بەسەر تورکدا...

٥. لەبیرکردنی پەیمانی دەوڵەتانی هاوپەیمانان و جەنەڕاڵ مۆد و مێجەر نوئێل و حکومەتی عیراقی- ئینگلیز... بۆ سەربەستی ڕەهای گەلی کوردو دروستکردنی کیانی سەربەخۆ.

---

[١] - سروة اسعد صابر، کردستان الجنوبیة١٩٢٦- ١٩٣٦، مصدر سابق، ص٣٣-٣٤.

**دەرئەنجام**

**لەسەر ڕۆشنایی توێژینەوەکە دەگەینە چەند دەرئەنجامێك کە بریتین لە:**

**ناوچە کوردستانیەکانی هەرێم نزیکەی لە دوو لەسەر سێی خاکی هەرێم پێکدەهێنێت.**

**لەبەر گرنگی ستراتیجی ئەم ناوچانە بۆ هەرێم و دەوڵەمەندی بە کانزا هەمەجۆرەکان بە تایبەت پەترۆڵ حکومەتی عێراقی دانیشتوانی کوردی ئەم ناوچانەی ڕوو بەرووی پرۆسەکانی بەعەرەب کردن و ڕاگواستن و کۆچ پێکردن و لەناوبردن و ئەنفالکردن و داگیرکردنی موڵك و ماڵ... کردەوە، تەنها بەمەبەستی کەم کردنەوەی ڕێژەی کورد لەو شارە کوردستانییە، لەبەرامبەریشدا ژمارەیەکی بێ سنوری لە عەرەبی هاوردە هێنا بۆ ئەم ناوچانە.**

**لەبەر گرنگی شوێن و پێگەی عێراق و بوونی دەرامەتێکی زۆری ژێر زەوی و سەرزەوی، خۆرئاواییەکان مەبەستیان بوو بە هەر نرخێك بێت دەستبگرن بە سەر عێراق دا.بۆیە بە ڕێگای جۆراو جۆر کاریان کرد بۆ نزیك بوونەوە لە عێراق و دەستگرتن بەسەریدا.**

**کوردەکان هەوڵە دیبلۆماسی و سەربازیەکانی خۆیان چڕکردەوە بۆ دروست کردنی دوڵەتی کوردی بە ناوچە کوردستانیەکانی دەروەی ئیدارەی هەرێمیشەوە، بەلاَم بەرژەوەندی جۆربەجۆری وولاَتانی هەرێم و نێودەوڵەتی، هەولەکانی کوردی بێ ئەنجام کرد.**

**بایەخە بێ سنورە جۆربەجۆرەکانی جوگرافی و ئاینی و ئابوری و سەربازی ڕۆڵیان هەبوو لە دەستبەسەرداگرتنی وویلایەتی موسڵ لە لایەن بەریتانیاوە.**

**هەموو بەڵێنە دراوەکان بە کورد و سەرکردایەتیەکەی تەنها بۆ سڕکردنی کاتی و بۆ پوکانەوەی شۆڕش بووە لە تاکتیکی ڕامیاری زیاتر هیچی تر نەبووە، ئەگین هەرگیز وولاَتانی خۆرئاوا بیریان لە دەوڵەتی کوردی نەکردبووەوە بۆ کوردەکان.**

**ڕاسپاردە**

**بەمەبەستی گەڕانەوەی ئەم ناوچانە بۆ سەر نیشتمانی دایك دەبێت حكومەتی هەرێم چەند هەنگاوێك بنێت:**

**دەبێت حكومەتی هەرێم سەرجەم مافە كلتور و ڕۆشنبیر و نەتەوەیی و ئابوری و كارگێڕییەكان بۆ گەلان بۆ كەمایەتییە ئاینی و ئیتنیكییەكانی ئەم ناوچەیە دابین بكات و لە دەستور دا بچەسپێت.**

**دەبێت خەمی گەڕانەوەی خاكی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ، خەمی یەكەم و كۆتایی سەركردایەتی كورد و گەلی كوردستان بێت و هەمیشە خزمەت كردن و گڕانەوەی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم خاڵی سەرەكی گفتوگۆكان بێت لەگەڵ بەغا و هاوپەیمانا...با هەر ئەم ناوچانەش هۆكاری شكستهپێهێنانی خولەكانی گفتوگۆ و لێك نزیك بوونەوەكانی نێوان حكومەتەكانی بەغا و هەولێر بێت.**

**جێگیركردنی هەمیشەیی هێزی پێشمەرگەی كوردستان لە سنورەكانی باشوری كوردستان،بۆ هەمیشە چونكە دواجار ئەمە سنوری باشوری حكومەتی ئێستای هەرێم و دەوڵەتی كوردی ئاییندە دەبێت، بۆیە كشانەوەیان لەو ناوچانە، دەبێت بە دەریایەك خوێن لە ئاییندەدا بێنەوە ژێر دەسەڵاتی كوردی.**

**لكاندنەوەی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە حكومەتی هەرێمەوە، چونكە هەرگیز حكومەتی عێراقی لەم سەردەمەی ئێستا شكستخواردووتر نابێت لە ڕووی سەربازی و كارگێڕی و ڕامیاری و مایەپووچ بوونی ئابوری، لە ئێستادا زیاتر لە سێیەكی خاكی عێراق لە ژێر دەسەڵاتی دوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دایە و گەیشتونەتە دەروازەكانی پایتەخت، هەرگیز ئەم چانسە بۆ گەلی كورد و حكومەتی كوردی دروست نابێتەوە، بە كورتییەكەی هەرگیز حكومەتی عێراقی وا زەلیل و بێ متمانە نابێت چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی و چ لەسەر ئاستی هەرێمی ،چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.**

**لیستی سەرچاوەكان**

**یەكەم : سەرچاوەكان بە زمانی كوردی**

**أ – پەرتوك**

**ئەحمەد باوەڕ، ئۆزدەمیرو كورد، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٠.**

**ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەكەم، بەشی یەكەم، چاپخانەی شفیق- بەغداد، ساڵی١٩٦٨.**

**ئەحمەد ڕەفیق كەریم، ناوچە دابڕاوەكای هەرێمی كوردستان لێكۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاریدا، چاپی یەكەم، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، ٢٠١٤.**

**ئەفراسیاوهەورامی، كورد لە ئەرشیفی ڕووسیاوسۆڤیەتدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦**

**باقر یاسین،مێژوویی خوێناوی عێراق، ڕواوداوەكان - هۆكارەكان چارەسەرەكان و.حەمەصالح گەلاڵی، چاپی یەكەم، چاپخانەی داناز- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٤.**

**جەلادەت علی بەدرخان، شەریف پاشای خەندان وبیرەوەریەكانی بەرهەلیستیك بەربەرەكانی ئیتحادوتەرەقی، و. زریان ڕۆژهەلاتی، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٦.**

**دیڤید ماكداویل، مێژوویی هاوچەرخی كورد، و. ئەبوبەكر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٢.**

**ڕەفیق حلمی، یاداشت، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی٢٠٠٣.**

**ڕەمزی قەزاز، بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری كورد لە كۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، ساڵی١٩٧٨.**

**زیاگوێگئالب، سالانی پێش جەنگی جیهانی یەكەم، گەلێكی پەژموردەو نیشتمانێكی پەرت، و. لە فارسیەوە م. گۆمەیی، سوید، ساڵی١٩٩٨.**

**سدیق ساڵح، حكومەتی كوردستان ١٩١٨-١٩٢٤ چاپی دووەم، بنكەی ژین- سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٦.**

**فەرید ئەسەسەرد، چەمكی بیرۆكەی دەوڵەت لە جوگرافیای سیاسیدا، مەكتەبی بیروهۆشیاری- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٢.**

**فؤاد حەمە خورشید، جەنەڕاڵ شەریف پاشا، دەزگای ڕۆشنبیری وبلاوكردنەوەی گشتی- بەغداد، ساڵی٢٠٠٧.**

**كاپتن لاین، كورد عەرەب بەریتانییەكان بیرەوەریەكانی كاپتن لاین لە مەڕ ڕووداوەكانی باشووری كوردستان١٩١٩-١٩٢٩،و. دكتۆر یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٧.**

**كریس كۆچێرا، كورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، و.حەمەكەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، ساڵی٢٠٠٤.**

**كمال مەزهەر، كوردو كوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەكانی بەریتانیادا، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی گرین گالۆری، ساڵی٢٠٠٨.**

**كۆمەڵێك لە پسپۆڕان و ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز، كوردوكوردستان، و. حسێن عوسمان نێرگسە جاری و حسێن ئەحمەد جاف،چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر، ساڵی٢٠٠٢.**

**م. ر. هاوار شێخ مەحمودی قارەمان دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان، بەرگی یەكەم، چاپخانەی بلاك ڕۆژ، لەندەن، ساڵی١٩٩٠.**

**م. ر.هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەكەی خواروی كوردستان، بەرگی دووەم، جاف پریس،بلاك ڕۆژ، لەندەن، ساڵی١٩٩١.**

**مێجەر نوئێل، سەرنجدانێكی بارودۆخی كورد، ئامادەكردنی عبدالرقیب یوسف، و. سدیق ساڵح، چاپخانە وئۆفسێتی سەركەوتن، سلێمانی، ساڵی٢٠٠١.**

**میم كەمال ئۆقە، كرنۆلۆژیای مەسەلە ی موسڵ(١٩١٨-١٩٢٦)، و. سەلام ناوخۆش، چاپی یەكەم، چاپخانەی خەبات - هەولێر، ساڵی٢٠٠٠.**

نەجاتی عەبدولاَ، كوردستان لە بەڵگەنامەكانی كونسوڵی فەرەنسی لەبەغداد، لە ساڵی١٩١٩،بەرگی یەكەم ،چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٤.

واحد عومەر محێدین، دانوستانەكانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی كورد حكومەتەكانی عێراق(١٩٢١-١٩٦٨)، سەنتەری لێكۆلینەوەی ستراتیجی كوردستان-سلێمانی٢٠٠٦.

وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، كوردستان لە بەڵگەنامەكانی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، و. د. نەجاتی عەبدولاَ، بەبێ شوێن و ساڵی چاپ،

ولید حمید، كوردوكوردستان لەبەڵگەنامەكانی بەریتانیادا، و. موحەمەد نوری تۆفیق، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشك- سلێمانی، ساڵی١٩٩٩.

ب- گۆڤار

بێ ناوی دانەر، نامەو نامە كاری نێوان شەریف حسێن و مەكماهۆن(١٩١٥)و. لە فارسیەوە ئازاد میران، گۆڤاری سەنتەری لێكۆلینەوەی ستراتیجی، ژمارە٢ ی ساڵی پانزەیەم، ئابی٢٠٠٧، ل٢٤٥-٢٥٣.

دووەم : سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی:

أ - پەرتووك

ابراهیم احمد سعید، مابین الجغرافیة السیاسیة و مخاطر الجیوبولتیك والعولمة، مصدر سابق.

احمد الشنتاوي و آخرون، دائرة المعارف الاسلامیة، المجلد الثامن عشر، دار المعرفة بیروت، بدون سنةطبع.

احمد محمد امین قادر، موقف مجلس النواب العراقي من القضیة الكردیة في العراق١٩٢٥/١٩٤٥، مطبعة مؤسسة سردم - السلیمانیة، سنة٢٠٠٧.

احمد محمد امین قادر، موقف مجلس النواب العراقي من القضیة الكردیة في العراق١٩٢٥/١٩٤٥، مطبعة مؤسسة سردم - السلیمانیة، سنة٢٠٠٧.

أیوب بارزاني، المقاومة الكردیة للاحتلال١٩١٤- ١٩١٨، دار نشر حقائق المشرق، سنة٢٠٠٢.

تشارلزتریب، صفحات من تأریخ العراق، ت. زینة جابر ادریس، الطبعة الاولى، دار العربیة للعلوم، سنة٢٠٠٦.

حامد محمود عیسى، القضیة الكردیة في العراق عن الاحتلال البریطاني الى الغزو الامریكي(١٩١٤-٢٠٠٤)، الطبعة الاولى،مكتبة مدبولي- قاهرة، سنة٢٠٠٥.

خلیل علي مراد، مختارات من كتاب الموصل، كركوك في الوثائق العثمانیة، مطبعة شڤان- السلیمانیة، سنة ٢٠٠٠.

دبلیو. أر. هي. سنتان في كردستان ١٩١٨-١٩٢٠، ت. د. .فؤاد جمیل، الجزءالاول، الطبعةالاولى، مطبعةجاحظ- بغداد ، سنة١٩٧٣

ذكي صالح، بریطانیا والعراق حتي عام ١٩١٤، مصدر سابق.

ستیفن همسلي لونكریك، العراق الحدیث من سنة(١٩٠٠-١٩٥٠)تأریخ سیاسي اجتماعي واقتصادي، ت. سلیم طه التكریتي، الجزءالاول، الطبعةالاولى، مطبعةحسام- بغداد، سنة١٩٨٨.

سروة اسعد صابر، كردستان الجنوبیة١٩٢٦-١٩٣٦، دراسة تأریخیة، سیاسیة،الطبعة الاولى، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، السلیمانیة، سنة٢٠٠٦.

سها طارق الجبوري، مؤتمر القاهرة والستراتیجیة البریطانیة في العراق، مفصل في تأریخ العراق المعاصر ،الطبعةالاولى، بیت الحكمة- بغداد، سنة٢٠٠٢.

شاكرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحي الطبیعیة والبشریة، الطبعة الاول، مطبعة شفیق، بغداد، سنة١٩٧٣.

شكري محمود ندیم، سیرالعملیات الاحتلال عسكري احوال العراق في حرب العالمیة الاولي(١٩١٤-١٩١٨)، المفصل في تاریخ العراق المعاصر، الطبعة الاولى، بیت الحكمة- بغداد ، سنة٢٠٠٢.

صالح خضرمحمد الدليمي، المصالح الاستراتجية البريطانية في العراق(١٨٠٠-١٩١٤)، المفصل في تاريخ العراق المعاصر، الطبعة الاولى،بيت الحكمة- بغداد، سنة٢٠٠٢.

عبدالرزاق الحسنى، تأريخ السياسي الحديث، الجزءالاول، الطبعةالثانية، دارالكتب - بيروت، سنة١٩٧٥.

عبدالرزاق الحسنى، تأريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول، طبعة الثانية، مطبعة العرافان- صيدا، سنة ١٩٥٧.

عبدالمجيد كامل عبداللطيف التكريتي، تبوء الامير فيصل عرش العراق، سنة ١٩٢١، مفصل في تأريخ العراق المعاصر, الطبعة الاولى، بيت الحكمة- بغداد، سنة٢٠٠٢.

عزيز قادر الصامانجي، تأريخ السياسي لتركمان العراق، الطبعة الاولى، دار الساقي- بيروت، سنة١٩٩٩.

علاءموسى كاظم نوري وعماد عبدالسلام رؤوف، عهدالأحتلال العثماني الاخير، العراق في التاريخ، دارالحرية للطباعة- بغداد، سنة١٩٨٣.

علي ناصر حسين، الادارة البريطانية في العراق(١٩١٤- ١٩١٨)، المفصل في تأريخ العراق المعاصر، الطبعة الاولى، بيت الحكمة - بغداد، سنة٢٠٠٢.

فاضل حسين، مشكلة الموصل دراسة في الدبلوماسية العراقية- الأنكليزية- التركية وفي راي العام، مطبعة الرابطة- بغداد، سنة١٩٥٥.

كمال مظهر احمد، كردستان في سنوا ت الحرب العالمية الاولى، ت. محمد الملا عبدالكريم، مطبعة المجمع العلمي الكردي- بغداد ،سنة١٩٧٧.

كمال مظهر احمد، كردستان في سنوا ت الحرب العالمية الاولى، ت. محمد الملا عبدالكريم، مطبعة المجمع العلمي الكردي- بغداد ،سنة١٩٧٧.

لجنة عصبة الامم، تقرير حول الحدود العراقية - التركية، مطبعة الحكومة- بغداد، سنة ١٩٢٤.

ليورا لوكيتز، العراق والبحث عن الهوية الوطنية، ت. لشاد ميران، دارئاراس للطباعة والنشر- اربيل، سنة٢٠٠٤.

م.أ. منتشاشفيلي، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ت. د. هاشم صالح التكريتي، مطبعة بغداد، سنة ١٩٧٨.

محمد ازهر سماك و أخرون، العراق دراسة أقليمية، الجزء الأول، دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، سنة ١٩٨٥.

محمد بشير الكافي و أخرون، الموسوعة السياسية، الجزء الرابع، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، بدون سنة طبع.

محمد عبدالحسن المياح، مشكلة الموصل و ترسيم الحدود العراقية - التركية، مفصل في تأريخ العراق المعاصر، الطبعة الاولى، بيت الحكمة- بغداد، سنة٢٠٠٢.

محمد نورالدين، تركيا في زمن المتحول قلق الهوية و وصراع الخيارات، الطبعة الاولى، الرئيس للكتب و النشر- رياض، سنة ١٩٩٧.

مريم عزيز فتاح، تحليل العوامل التي رسمت الحدود العراقية - التركية، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية - السليمانية، سنة٢٠٠٧.

المس بيل، تأريخ العراق القريب، ت. جعفر الخياط، مطبعة دار الكتب- بيروت، سنة١٩٧١.

مسعود بارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية،انتفاضة برزان الاولى١٩٣١-١٩٣٢، بدون اسم مطبعة، كردستان، سنة١٩٨٦.

مصطفي عبدالقادر النجار، عهد الانتداب، العراق في تأريخ، دارالحرية للطباعة- بغداد، سنة١٩٨٣.

معروف چیاوك، مأساة بارزان المظلومة، الطبعة الثانية، دارئاراس للطباعة والنشر- اربيل، سنة ٢٠٠١.

منذر الموصلي، عرب واكراد رؤية عربية للقضية الكردية، الطبعة الاولى، مطبعة دارالغضوون- بيرو ت، سنة١٩٨٦.

نجم عمر السورچی، مصير ولاية الموصل (كردستان الجنوبية)مابعد عام ٢٠٠٠، الطبعة الثانية، بدون اسم المطبعة - السليمانية، سنة١٩٩٩.

ياسين طه طاهر العسكري، مؤتمر القاهرة والمسألة الكردية في العراق، مفصل في تأريخ العراق المعاصر، الطبعة الاولى، بيت الحكمة- بغداد، سنة٢٠٠٢.

**ب – گۆڤار**

احمد الشنتاوي و آخرون، دائرة المعارف الاسلامية، المجلد الثامن عشر، دار المعرفة بيروت، بدون سنةطبع.

الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٦٨، مطبعة الزهراء- بغداد.

الجمهورية العراقية،وزارة التخطيط، الجهازالمركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية(١٩٦٩)، مطبعة الزهراء- بغداد، بدون سنة طبع.

جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة٢٠٠٤، بدون مكان طبع، بدون سنة طبع.

رئاسة مجلس الوزارء، لجنة تنفيذ المادة(١٤٠)من دستورجمهورية العراق. توصيات بالتغيرات في الحدود الايدارية للمناطق المتنازع عليها و من ضمنها كركوك(المنطقة الشمالية)، بدون معلومات اخرى، غير منشور.

عبد الوهاب الكيالي، الموسوعة السياسية، الجزء السابع، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، سنة ١٩٩٤.

عبدالوهاب الكيالي واخرون، موسوعة السياسية، الجزء الاول، الطبعةالرابعة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، سنة١٩٩٩.

فؤاد حمةخورشيد و جزاتوفيق تاليب، مؤتمر لوزان(مؤتمر تقسيم كوردستان)، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژماره ٢٣، ساڵی٢٠٠٠.

الوقائع العراقية- رقم العدد ١٧٨٩/تاريخ ١٣/١٠/١٩٦٩/عدد الصفحات: ٥٦/ رقم الجزء : ٢ مجموعة القوانين والانظمة-/تاريخ ١٩٦٩/رقم الصفحة ١٠٦٣.

**پێنجەم: نەخشەو ئەتڵەس**

١- خليل اسماعيل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستان عێراق ، بەڕێوەبەرێتی گشتی پرۆگرام و نەخشە پەروەردەییەکان، هەولێر، ٢٠٠٦.

**شەشەم: وێب سایت**

١-http://www.iraq-ild.org/LoadLawBook.aspx?SC=١٢٠١٢٠٠١٦٧١٧٠٧٥

**پوختە**

**گرفتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هـەرێم ڕیشـەیەکی مێـژووی هەیـە و دەگەڕێتـەوە بـۆ چارەکی یەکـەمی سـەدەی ڕابـووردوو ، گرنگـی و دەوڵەمەنـدی ناوچـەکە هۆکـار بـوو بـۆ پـەلکێش کردنـی داگیرکـەران و داگیرکردنی و پاشتر لکاندنی بە عێراقی عەرەبی بە مەبەستی بەرکەوتن و بردنی پارچـەکێکی ئـەم ناوچانـە لـە لایەن وولآتانی هاوپەیمان و ولآتانی هەرێمی دەوروبەرمان.**

**الملخص**

**مشكلة المناطق الكردستانية خارج ادارة اقليم كردستان لها جذور تأريخية تعود الي الربع الاول مـن القـرن الماضـي، وكانت اهميتها الجغرافية و غنائها بالموارد الطبيعية في الاسباب التي دعت القوى الاجنبية لاحتلال هذه المنـاطق و دمجها بدولة العراق العربي و ذالك لضمان انشاء دولة قابلة للحياة للعرش الهاشمي.**

## Abstract

The problem of the Kurdish areas outside the Kurdistan regional Government have historical Roots dating back to the first quarter of the last Century ,and also back to the Wealth of these Areas by the natural Resources in the main reasons for foreign Force to occupy these areas and combined in to the State of the Arabic Iraqi, to get the piece of Cake in these Areas by the International Alliance and Neighbors Countries.